

# ئیسلامگورا

# ISLAMISM

# ڕەوتناسیی‌و پێناسی (مەکتەب قورئان)
# لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



بەرزانی مەلا تەها

**هەڵبەتە، سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، زەمینەی بۆ جڵەوکردنی دەسەڵات لەلایەن ڕۆحانییەکانەوە بە ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی خۆشکرد، بەو هۆیەشەوە ئێران پێینایە قۆناغێکی تری مێژووییەوە، کە دەوڵەتێکی (تیۆکراتیی) و مەزهەبیی جێگەی ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی گرتەوە، ئەو وەرچەرخانەش چەندین جۆر گوتاری هێنایە گۆڕێ، لەسەرووی هەموویانەوە چەمکە ئایینییەکان**

ئەوانەی بە ڕەهەندی سیاسیی سواغدرابوون، هەڵگری مۆرکی شیعەگەرایی بوون، یەکێکیش لەو چەمکە دیارانەی، کە ڕاستەوخۆ لەپاش سەرکەوتنی شۆڕش دەگوترایەوەو، کار بۆ پراکتیزەکردنی دەکرا، چەمکی (ویلایەتی فەقیه) بوو. خومەینی توانی لەڕێگەی هەڵهێنجان و تێفکرینە مەزهەبییەکانیەوە سەرلەنوێ ئەم چەمکە لە کتێبە بەراییە فیقەییەکانی مەزهەبی شیعەوە بخاتەوە بەرباس، زیندوویەتی پێ ببەخشێت، بەشێوەیەک بیکاتە ئیلهامبەخشی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ریشەی تیۆریزەکردنی چەمکی ویلایەتی فەقیه دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان، وەختێک ئایەتوڵڵا خومەینی لە نەجەف چەند سیمینارێکی بەناوی (حکومەتی ئیسلامیی/ الحکومە الاسلامیە) پێشکەشکرد، تێیدا ڕوانینی خۆی سەبارەت بە بابەتی ویلایەتی فەقیه پێشکەشکردو، لەڕوانگەی مەزهەبییەوە مۆرکێکی سیاسیی بەسەردا بڕی. لەپاش گەڕانەوەی ناوبراو لە فەڕەنساوە بۆ ئێران تەواوی هەوڵەکانی خستەگەڕو سەپاندی، چونکە گوتاری ئایینیی و مەزهەبیی ڕۆحانییەکان بەتۆخیی ڕەنگدانەوەی لەسەر جموجۆڵی بەرفراوانو کاریگەری ئەوان لە ئێراندا هەبوو، هەر لەم ئەندێشە ئایینییو مەزهەبییەشەوە لە تەواوی گرفتە هەمەلایەنەکانی ئێرانی دەڕوانی بەتایبەت مافخوازیی گروپە ئێتنییەکانی ئێران، بۆیەشە هیچکام لە داخوازییەکانی کوردیان بە هەند وەرنەگرت، چونکە گەلی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیەوە، هەر لەقۆناغی بەرایی سەرکەوتنی شۆڕشەوە لەڕێگەی دانوستانو بڕوای تەواویان بە بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییو فەرهەنگییەکانیان بەخۆکەوتن، لەئاکامدا گوێ بۆ داواکارییەکیان نەگیرا، پاشتریش لەڕێگەی بەکارهێنانی گوتاری ئایینیی مەزهەبییەوە ژێر پێ خران، فەتوا بەسەرلەنوێ دەستگرتنەوە بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا درا. هەر لەدەسپێکی نارەزایەتییو جموجۆڵە جەماوەرییەکانەوە سوننەکانی ئێران لەچوارچێوەی ڕێکخراوە سوننەکاندا هاریکاربوون بۆ سەرخستنی شۆڕشکەی ساڵی 1979، چونکە لەو قۆناغە هەستیارەی ژانگرتنی گەلانی ئێرانو بێزووکردن بە شۆڕشەوە، کەسایەتیی و ڕۆحانییەکان لە هەردوو مەزهەبی شیعەو سوننە کەوتنە ڕۆڵگێڕان لە کایە

هەمەلایەنەکاندا، یەکێک لەو کەسایەتییانە (ئەحمەدی موفتی زادە) بوو، کە هەر لە سەرەتاوە پشتیوانیی خۆی بۆ شۆڕش دووپاتکردەوە، هەرچەندە لە سەرەتادا لەبەرەی پشتیوان و هاریکاربوو بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی، بەڵام بەهۆی جموجوڵەکانییەوە زۆری نەبرد لێکجیایی لەنێوان ئەوو رێبەرانی تری شۆڕشی ئێراندا دروستبوو بەتایبەت خومەینی، چونکە ناوبراو لە رێگەی (شورای ناوەندیی سوننەکان)ەوە، کە بە (شەمس) ناسرابوو، دژی پرنسیپی (ویلایەتی فەقیهـ) وەستایەوە، پاشتریش بەهۆی هەڵوێستەکانیەوە بەگیانی خۆی باجی قورسی دا.

لەراستییدا، راستەوخۆ پاش سەرکەوتنی شۆڕش چەندین کەسایەتیی و رۆحانیی کورد بەهەمان شێوەی رۆحانییە شیعەگەراکان هاتنە سەر شانۆی سیاسیی، ناوبانگێکی گەورەیان بەهۆی هەڵوێستە ئایینیی و سیاسییەکانیانەوە بەدەستهێنا، بەتایبەت لەپاش ئەوەی دەهەوڵ بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتێکی ئیسلامیی لە ئێراندا لێدەدرا، لەم رێگەیەشەوە دەنگوسەدای ئەوان و رۆڵگێڕانیان بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەوە پتر دەرکەوت، هەروەها هەڵوێست و گوتەی تایبەت بەخۆیان هەبوو لەو گۆڕانکارییە کتوپڕانەی، کە بەهۆی هەستیاریی بارودۆخی ئەوەدەمی ئێرانەوە دەهاتنە پێشێ. یەکێک لەو بابەتانەی، کە گرنگییەکی زێدەی هەیە کەسایەتیی ئەحمەدی موفتی زادەیە، کە وەک یەکێک لەرێبەرە دیارەکانی سوننەکان لەئێران دەکەوێتە پێشچاوان، موفتی زادە لەدەڤەرە کوردییە جۆراوجۆرەکاندا ناوێکی دیاربوو، جووڵانەوەیەکی بەناوی (مەکتەب قورئان) دروستکرد، کە نوێنەرایەتیی مەزهەبیی کوردی دەکرد. ناوبراو کاریگەریی زۆری لەسەر لەقۆناغی پێش شۆڕش و پاش شۆڕشدا هەبوو، بەدیاریکراویش لەپاش شۆڕش، موفتی زادە بەهۆی ئاڵۆزییەکانی ئەوکاتی گروپە جۆراوجۆرە ئایینیی و ئایدۆلۆژییەکانەوە بە چەپ و راستەوە، لەکێشمەکێش و بەرکەوتنێکی توندا بوو لەگەڵ رەوتە چەپەکانی ناو نەخشەی پارت و رێکخراوە چەپگەراکان، چونکە بانگەوازی ئەو پتر لەچوارچێوەی بانگەشەی ئایینیدا خولی دەخوارد، ئەم جۆرە گوتارەش لەو قۆناغەدا بەهۆی بەهێزیی و ئامادەیی رەوتە چەپەکانەوە هەرزوو پێکدادانی دروستکرد. لەلایەکی ترەوە، دابەشبوونی چرووپڕی هێزو لایەنە سیاسییەکان لە کوردستان لە سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێراندا ساڵی 1979 زۆرانی توندی لەنێوان لایەنە دژبەرەکاندا هێنایە گۆڕێ، بەتایبەت لەنێوان هەردوو بەرەی ئیسلامیی و چەپدا، بۆیەشە هەرزوو ئەم زۆرانە نێوانی مەکتەب قورئان و چەپەکانی گرتەوە، چونکە لایەنە مەزهەبییە ئیسلامییەکان بەدیاریکراویش مەکتەب قورئان و رێبەرەکەی تانەی توندیان لە گروپە چەپەکان دەداو بەمەترسیی گەورەیان بۆسەر رۆژهەڵاتی کوردستان لەقەڵەم دەدان، ئیدی بەهۆی زۆرانەی نێوان بەرەی مەزهەبگەراو چەپگەراوە، هەریەک لەو هێزانە گوتاری تایبەت بەخۆیان لا گەڵالەبوو، بەهەموو شێوەیەکیش کاریان بۆ نابوونکردنی یەکتریی دەکرد تاکو ئەجێنداو سیاسەتی

> **گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە رێگەی نوێنەرەکانییەوە هەر لەقۆناغی بەرایی سەرکەوتنی شۆڕشەوە لەرێگەی دانوستان و برواى تەواویان بە بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و فەرهەنگییەکانیان بەخۆکەوتن**

> **لایەنە مەزهەبییە ئیسلامییەکان بەدیاریکراویش مەکتەب قورئانو ڕێبەرەکەی تانەی توندیان لە گروپە چەپەکان دەداو بەمەترسیی گەورەیان بۆسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەقەڵەم دەدان**

خۆیان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بسەپێنن. جگە لەمەش مەکتەبییەکان لەگەڵ ئەهلی تەسەوف لەئێراندا کەوتنە رقەبەریی‌و موفتی زادەو رەوتەکەی بەتوندیی لەوانیان دەدا، رەخنەی توندیان لە بیروبۆچوونو رەفتارەکانیان دەگرت.

لە قۆناغی بەرایی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، دەرفەتێکی گەورە بۆ پێکهاتنی دەستەو گروپی جیاواز دروستبوو، کە هەریەک لە رێگەی بەرنامەو ئەجێندای خۆیەوە کاریان بۆ ناساندنی خۆیان دەکرد، رۆژهەڵاتی کوردستانیش ببووە مەیدانی دامەزراندنی چەندین رەوتی جیاواز، کە لە رێگەی دروشمو بانگەوازەکانیانەوە لەهەوڵدا بوون بۆ لابردنی ستەمی نەتەوەیی‌و ئاوەڵاکردنی ئازادییەکان، بەڵام بەهۆی بەهێزیی باڵی کۆنەپارێزی مەزهەبییەوە لەچوارچێوەی راگەیاندنی کۆمارە ئیسلامییە نوێکەدا، ئامانجو خولیای ئەو رەوتە مەزهەبییانە لەناویاندا مەکتەب قورئان هەرزوو بەرەو نەوی بوونەوە سەری برد، ئیدی لایەنە پشتیوانەکان لەشۆڕش دەستیان لە پشتیوانییەکانیان هەڵگرت، بەم هۆیەشەوە تەواوی پارتو رێکخراوە مەزهەبیی‌و چەپو راستەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران خرانە دەرێی بازنەی شەرعییەتی شۆڕشگێڕییەوە، دەوڵەت بەرەو قەوارەیەکی ئایینیی مەزهەبیی یەک رەنگ هەنگاوی نا. هەروەها لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، بزاوتی ئیسلامیی بەگشتیی‌و بەتایبەتیی مەکتەب قورئان ئایینیان بە سیاسەتەوە ئاوێزان کرد، بایەخێکی زۆریان بە دروشمە مەزهەبییەکانو داواکارییەکانی سوننە لە سەرانسەری ئێران داوە، لەپاش دامەزراندنی مەکتەب قورئانەوە بە (مەکتەبیەکان) یاخود بە(کاک ئەحمەدیەکان) لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا ناودەبرێن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خۆشویستنی ئەحمەدی موفتی زادە. تەنانەت ناوی موفتی زادە لەپاڵ ناوی خومەینیدا ناودەبراو، لەدروشمێکدا گوتراوە (خمینی کاک احمد، صل علی محمد).

ئەحمەدی موفتی زادە، یەکێکە لەو رۆحانییانەی، کە پەیوەست بوون بە پەرەپێدانی رابوونی ئیسلامیی یاخود ئیسلامی بزاڤگەریی لە ئێراندا، ناوبراو هەوڵێکی زۆری داوە خوێندنەوەیەکی شۆڕشگێرانە بۆ ئیسلامی سوننەگەرایی بکات بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی سوننەکانی ئێران، کە کورد رەگەزێکی سەرەکیی پێکدەهێنێت. موفتی زادە لە روانگەی خوێندنەوەی هەمەلایەنەکانیەوە مۆرکێکی ئایدۆلۆژیی داوە بە رەوتە ئایینیی‌و سیاسییەکەی. هەربۆیە لەقۆناغی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی پەیوەندیی هەبوو، بەڵام پاشتر بەهۆی جموجۆڵە سیاسییەکانیەوە بەتایبەت هەوڵەکانی بۆ یەکخستنی سوننەکانی ئێران لە تەواوی جوگرافیای ئێراندا لەژێر ناوی کۆنفرانسی شورای ناوەندیی سوننەکان (شەمس)و کۆنگرەی خودموختاریی کوردستان، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بەخۆیان کەوتن، بەدژی ئەو هەوڵانە وەستانەوە، کە ئەحمەدی موفتی زادە کاری بۆ چەسپاندنی دەکرد. هەڵبەت گرتنەبەری رێوشێنی قارسکردنی رۆڵی ئەحمەدی موفتی زادە و قۆڵبەستکردنی

و هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆنگرانەی بەناوی سوننەکانی ئێرانەوە دەکرا لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتە گشتییەدا بوو دژ بە سەرجەم لایەنە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی. هەروەها موفتی زادە، لە ژێر کاریگەری تینوتاوسەندنی جووڵانەی ئیسلامی سیاسیی‌و سەرهەڵدانی گوتاری شۆڕشگێڕیی ئیسلامیی لەناوچەکەداو، گەشەسەندنی بەربڵاوی ئیخوان موسلیمیندا دەستیدایە دامەزراندنی مەکتەب قورئان. ئامانج لەدامەزراندنی ڕەوتێکی ئیسلامی لەمشێوەیە پێکهێنانی بەرەیەکی ئیسلامیی بوو، کە بە ئێڕوانینێکی نوێی ئیسلامی سیاسیی‌و هەڵقوڵاوی مەزهەبگەرایی سوننەکان دەست بداتە زۆر کایەی زیندوو تا لەو ڕێگەیەوە کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی کوردیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکات‌و بەئاڕاستەی خەون‌و ئایدیاکانیدا بەرێت. بەڵێ موفتی زادە پێڕەویی لە گوتاریی مەزهەبگەرایی سوننە دەکرد، دەیخواست کار بۆ هێنانە ئارای سیستمی شورای ئیسلامیی بکات‌و، جیاوازیی مەزهەبیی لەبۆتەی ئەو شورایەدا بتوێنێتەوە، مافە مەزهەبییەکانی کورد دەستەبەر بکات.

هەڵبەتە، خوێندنەوەی کەسایەتیی‌و ڕۆڵی هەمەلایەنی ئەحمەدی موفتی زادە بەتایبەت لەپاش شۆڕشەکەی ساڵی 1979 دەشێت لەزۆر لایەنەوە هەڵسەنگێنرێت، چونکە تینوتاوسەندنی ڕەوتە مەزهەبییەکان لەئێران بە گشتیی‌و تایبەتتریش لە کوردستان لەبازنەی خەباتی بەدەستهێنانی مافە مەزهەبییەکان پێکدادانی لەگەڵ بەرەی ناسیۆنالیست‌و چەپەکاندا هێنایە ئاراوە، ئەو ململانێیەش پاشتر بەروونیی لەبەریەککەوتنی نێوان مەکتەب قورئان‌و چەپەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، کە سەرەنجام ڕووبەری دووبەرەکیی لەناو پارت‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو قۆناغەدا هێنایە ئاراوە، هەنگاوەکانی ئەو ڕەوتە ناسیۆنالیست‌و چەپگەراو مەزهەبییانەی بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد لەو بەشەی کوردستاندا سست کرد، بەزیانێکی گەورە بەسەر جووڵانەوە ڕزگارییخوازییەکەیدا کەوتەوە، کە تەنها دەسەڵاندارانی ئێران سوودیان لێوەرگرت. مەکتەب قورئان وەک جووڵانەوەیەکی مەزهەبیی کوردیی لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا لەچەندین لاوە کاری بۆ سەرخستنی گوتاری ڕێبەرەکەی (ئەحمەدی موفتی زادە) کردووەو، لەپاش لەدنیادەرچوونی موفتی زادەشەوە بەچڕیی کار بۆ نەمریی ئەو دەکەن، لەئێستاشدا بەسەر دوو باڵی سەرەکییدا دابەشبوون ئەوانیش (سەعدی قورەیشی «زۆرینە» و حەسەن ئەمینی «کەمینە»). لەئێستاشدا، ئەم هەوڵانە سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێپەڕاندووە، لەباشووری کوردستان گرنگیی بە ئایدیاو ڕوانینەکانی موفتی زادە دەدرێت لە ڕێگەی نووسین‌و کۆکردنەوەی بەرهەم‌و گوتارەکانییەوە، لەماڵپەڕو پێگە ئەلەکترۆنییەکانیشدا پتر کار بۆ ناساندنی دەکرێت. بەهەرحاڵ، ئێمە لەم بابەتەدا چەند بتوانین بەشێوەیەکی پوخت ئاماژە بە کەسایەتیی موفتی زادەو ڕۆڵی مەکتەب قورئان دەدەین لە قۆناغی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەچوارچێوەی ناسینی ڕەوتە ئیسلامییە سوننەکاندا، کە دەروازە ئاوەڵا دەکات بۆ

**موفتی زادە پێڕەویی لە گوتاریی مەزهەبگەرایی سوننە دەکرد، دەیخواست کار بۆ هێنانە ئارای سیستمی شورای ئیسلامیی بکات، جیاوازیی مەزهەبیی لەبۆتەی ئەو شورایەدا بتوێنێتەوە، مافە مەزهەبییەکانی کورد دەستەبەر بکات**



ئەحمەد موفتی زادە



سەعدی قورەیشی



حەسەن ئەمینی

نووسینەوەی مێژووی بزاوتی ئیسلامیی سوننەگەرا لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها لەروانگەی ئاکارناسییەوە ئاوڕمان داوەتەوە لە هەڵسوکەوتی مەکتەبییەکانو گرنگی دانیان بە کایەی ئابووریی، هەروەها سەرکێشانیان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووریی.

**باسی یەکەم/ (ئەحمەدی موفتی زادە)و مێژووی دەرکەوتنی (مەکتەب قورئان) لەرۆژهەڵاتی کوردستان**

ئەحمەدی موفتی زادە، کوڕی مەلا مەحمودی موفتی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای مەلا مەحمودی دشەییە، ناوبراو وەک یەکێک لەرۆحانییە بەدیمەنەکانی کورد بە عەللامە موفتی زادە یان کاک ئەحمەد ناسراوە، لە ساڵی 1933 لە سنە لە خێزانێکی ئایینیی هاتۆتە دنیاوە. سەرەتای خوێندنی ئایینیی لەلای باوکیو هەریەک لە (مەلا ئەحمەدی حەواری نەسەبو مەلا محەمەدی ئەفشاری سالار) خوێندووە، لەساڵی 1948 چۆتە (مەریوان) بۆ فێربوونی زانستە ئیسلامییەکانو خوێندنی زمانی عەرەبیی بەشێوەی باوی فەقێیەتی لەو سەردەمەدا، پاشتر لە ساڵی 1949 هاتۆتە باشووری کوردستان بۆ ماوەی دوو ساڵ ماوەتەوە، لەسەروبەندی گیرسانەوەی لەباشووری کوردستان لەشاری سلێمانی لەمزگەوتی (بن تەبەق) بۆ ماوەی مانگێک لەلای (مەلا مستەفای زەڵمی) دەست بەخوێندن کردووە، پاشتریش روویکردۆتە (هەڵەبجە، بیارە، خانەقین)، لەساڵی 1951 لە (تەوێڵە) خوێندوویەتی، ماوەیەکیش لە بیارە لەلای (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) کتێبی (جمع الجوامع)ی لە (اصول الفقە) دا خوێندووە. موفتی زادە، لەساڵی 1951 گەڕاوەتەوە بۆ شاری سنەو لە مزگەوتی (دارولئیحسان) فەقێی هەبووەو، سەرقاڵی گوتنەوەی زانستە ئیسلامییەکان بووە، لەساڵی 1956 روویکردۆتە تاران، لەوێ بۆتە مامۆستای فیقهی ئیمام شافیعی لەکۆلێجی ئیلاهیاتی زانکۆی تاران، هەروەها لەقۆناغی مانەوەی لە تاران دەستیداوەتە چالاکی سیاسییو لەگەڵ هەریەک لە (محەمەد سدیق موفتی زادەو عەبدوڕەحمان موفتی زادە) رێکخراوێکیان بەناوی (بزوتنەوەی خوێندکارانی کورد) دامەزراندووە. بۆیەشە لەلایەن دەزگای (ساواک)ەوە ڕاوەدوونرانو ئەحمەدی موفتی زادە بۆ ماوەی پێنج مانگ قۆڵبەستکراوە. لەساڵی 1953 هەر لە شاری تاران رۆژنامەی (کوردستان)یان دەرکردووە، لەپاڵ ئەمەشدا لەرادیۆی کوردیی تاران بەرنامەی بە زمانی کوردیی پێشکەش کردووە. لەساڵی 1963 رۆژنامە کوردییەکەو بەرنامە رادیۆییەکەی قەدەغەکران. پاش قۆڵبەستکردنی لە زیندانی (ئەوین) لەگەڵ بڕێک لە رۆحانییەکانی شیعە ئاشنایەتیی پەیداکردووە. لە ساڵی 1964–1965، گەڕاوەتەوە بۆ شاری سنە، لەوێ وەک بانگخوازێکی ئایینیی دەستیداوەتە پێشکەشکردنی گوتار و هۆشیاری ئایینیی. هەروەها لە ساڵی 1972–1973 وەک سەرۆکی دەستەی نووسەران لەرادیۆی سنە دەستبەکاربووە. لەساڵی 1974–1975 جموجۆڵەکانی لەسنە راگیراون، لەساڵی 1976 بۆتە بەرپرسی دادگای دادگەی شەرعیی کوردستان. لەساڵی 1978 هەوڵ لقی (مەدرەسەی قورئان) لە مەریوان پێکهێناوە (1). لەقۆناغی هەڵایسانی شۆڕشی ئێرانییدا هانی گروپەکانی ئەهلی سوننەی داوە پشتیوانیی لە شۆڕش بکەن، کە خومەینی رێبەرایەتیی دەکرد، موفتی

زاده هەوڵیداوە بۆ دامەزراندنی چەندین ڕێکخراو لەوانە مەکتەبی قورئان، ئەنجومەنی شورای ئەهلی سوننە. مەکتەبی قورئان جموجوڵ و چالاکییەکانی لە کوردستان بەرفراوان بوو شوێنکەوتەی زۆریشی لێ گردبۆوە. هەروەها موفتی زادە بە یەکەم دامەزرێنەری جووڵانەوەی ئایینی ئەهلی سوننە لە ئێران لەقەڵەم دەدرێت، لە پاش شۆڕش هەریەک لە موفتی زادەو مەولەوی عەبدولعەزیز کوڕی عەبدوڵڵای مەلا زادە (*) لە بلوچستان پێکرا ئەنجومەنێکی شورای ئەهلی سوننەیان دامەزراند، کەبە خۆر/شمس نێوبرا. بەهۆی هەڵوێسنە راشکاوەکانی موفتی زادە لە بارەی بیرو روانینەکانی خومەینی لە کاتی خوێندنەوەی گوتارێکدا لە حوسینیەی ئیرشاد لە تاران تەقەی لێکرا (2).

لەرۆژی 8–5–1979 یەکەم گردبوونەوەی بەناوی (کۆنگرەی خودموختاریی سنە) ڕێکخست، لەساڵی 1981 ناوی (مەدرەسەی قورئان)یان بۆ (مەکتەب قورئان) گۆڕی. دیسان لەچوارچێوەی هەوڵەکانیدا بۆ پەرەپێدانی مافخوازییەکانی سوننەکان لەگەڵ هەریەک لە مەولەوی عەبدولعەزیز زادەو ناسری سوبحانی (*) یەکەم کۆنگرەیان بەناوی (شورای ناوەندیی سوننە)وە لەتاران ڕێکخستووە. سەرەنجام بەهۆی جموجۆڵەکانیەوە لە 18–8–1982 لەشاری تاران قۆڵبەستکراو، بۆ ماوەی پێنج ساڵ زیندانیکرا، پاشتر پێنج ساڵی تریشی بۆ تازەکرایەوە، تا حەوت ساڵ ماوەی زیندانیکردنی ڕێگە نەدراوە ببینرێت. لە 18–2–1993 پاش شەش مانگ لە ئازادبوونی لەزیندان لەتارانی پایتەخت کۆچی دوایی کردووە، هەڵبەت لەماوەی مانەوەی لەزینداندا دووچاری جەزرەبەدان بۆتەوەو، بەنیوە گیانی ئازادکراوە، وەک لە ڤیدیۆی پاش ئازادکردنیدا دەرەکەوێت بەناڕەحەت قسەی بۆ دەکرێت‌و، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە، کە ئاماژەیە بۆ ئاسنی جەزرەبەدانی‌و ئێکچوونو نەخۆش کەوتنی. سەبارەت بە زیندانیکردنی ئەحمەدی موفتی زادە، (یوسف ندا) وەک بەرپرسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئیخوان موسلیمین باس لەوە دەکات، کە ئیخوان موسلیمین هەوڵی نێوەندگیریی لەنێوان موفتی زادەو دەسەڵاندارانی ئێراندا داوە، ناوبراو لەساڵی 1981 سەردانی (کرماشان)ی کردووە، لەوێ چاوی بە موفتی زادە کەوتووە تا لێکنزیکییەک دروست بکات، موفتی زادە رایگەیاندووە، کە دەبێت لەناوچە کوردییەکان خوێندن بەزمانی کوردیی بێت‌و، نەوتی کرماشان بۆ پرۆژەی ئاوەدانیی دەڤەرەکە تەرخان بکرێت‌و، کوردی دەڤەرەکە لێی سوودمەندبن، هەروەها داوای کردووە لەتاران مزگەوتێک بۆ سوننەکان بکرێتەوە. پاش ئازادبوونی ئەحمەدی موفتی زادە نوێنەری ئیخوان موسلیمین بەناوی (غالب هیممەت) سەردانی کردووە ( 3).

لەپاش قۆڵبەستکردنی موفتی زادە، هەڵمەت لەدژی مەکتەبییەکان دەستپێکردووە وەک لە بەیاننامەکانی ئەوکاتی مەکتەب قورئاندا هێمای بۆ کراوە، لەیەکێک لەبەیاننامەکاندا هاتووە: «لەشەوی 28ی شەوالی 1402 (1982ز) هەڵیانکوتایە سەر ماڵی دەیان کەس لە سنە، لەپاش قۆڵبەستکردنی ژمارەیەک مامۆستاو قوتابی مەکتەب قورئان لە کرماشان، کامیاران‌و بۆکان، لەناویاندا ماڵی موفتی زادە، کە ئێستاکە حەسەن ئەمینی حاکمی شەرعی سنە نیشتەجێیە، تەواوی تۆمارو نووسین‌و مۆرو کتێبەکانیان بردووە. لەبەیاننامەیەکی تری مەکتەب قورئاندا هاتووە، کە پرۆپاگندە کراوە گوایە مەکتەب قورئان لەشارە کوردییەکان دەستیاندادوەتە چەک، لەکاتێکدا ئێمە جیهادی چەکداریی بەهەموو شێوەیەک رەتدەکەینەوە، هەروەها گوتوویانە شوێنکەوتووانی مەکتەب قورئان لەگەڵ پارتە سێکیۆلارەکاندا یەکیان گرتووە و چەکیان لەدژی حکومەت هەڵگرتووە، ئێمە وەک مەکتەب قورئان رەتیدەکەینەوە، ئێمە لەرووی عەقیدەوە مەحاڵە لەگەڵ ئەوانە یەکبگرین. وێڕای ئەوەی لەکۆی ئەو بەیاننامانەدا جەخت لە چەوساوەیی ئەندامانی مەکتەب قورئان کراوە (4).

سەبارەت بە بایەخی ڕێبەرانی ئیسلامی سیاسیی لەجیهانی عەرەبییدا بە پرسی زیندانیکردنی ئەحمەدی موفتی زادە لەئێران، (راشد غەنوشی) وەک یەکێک لە ڕێبەرە ئیسلامییە دیارەکان بەمشێوەیە باس لە سەردان‌و نێوەندگیریی خۆی دەکات بۆ ئازادکردنی موفتی زادە، گوتوویە: «لەسەردانێکمدا بۆ ئێران لە ساڵی 1991 شەرەفمەندبووم بە لەنزیکەوە بینینی مەزنە ڕێبەری کورد شۆڕشگێڕو زاناو شاعیر خوابەخشیو مەلا ئەحمەدی موفتی زادە، بەوپێیەی لە لایەن دەسەڵاتەوە سنەم‌و زۆرێکی گەورەی دەرهەق کرابوو، وەختێک

چاوم کەوت بە وەلی فەقیە خامنەیی ئەم هەلەم قۆستەوەو ئەم مەسەلەیەم پێشنیارکردو، داوام لێکرد رێگەم پێ بدەن سەردانی ئەحمەدی موفتی زادە بکەم، ئیدی بەبێ هیچ دڕدۆنگییەک ئەو شەرەفەی پێبەخشیم. ئێوارەکەی دوو پاسەوان لەو هۆتێلەدا کە تێیدا جێگیر ببووم هاوڕێیەتییان کردمو بەسەیارە بەرەو گەڕەکێک لە باکووری تاران رۆشتین، کە موفتیزادە لە شوقەیەکی سادەدا دەستبەسەرکرابوو، چواردەوری بە پاسەوان تەنرابوو. هەرچەندە لە کەشێکی زۆر خەمناکدا بووین، بەڵام جوانترین ئێوارەم لەگەڵیدا بردەسەر، ئەو بانگخوازە ئەدیبە چیرۆکی خۆی لە شۆڕشی ئیسلامیدا گێڕایەوە کە بەخۆی لایەنگری ئەو شۆڕشە بووە و هەوڵی بۆسەرکەوتنو پایەداربوونی داوە، کەچی دوایی لێی پاشگەز بۆتەوە، لەهەمان کاتیشدا بە ناهەق تۆمەتبار کرابوو بە پیلانگێڕیی دژ بەو شۆڕشەو هەوڵی سەرنخونکردنەوەی، چەندین ساڵی تەمەنیشی لەم پێناوەدا لە زینداندا بەسەر بردبوو، چەند بڕگەیەکی لە شیعرە کاریگەرەکانی بۆ خوێندمەوە، هێندە کاریگەر بووم پێی جڵەوی خۆم لەدەستداو بەجۆشو گۆشەوە کەوتمە گریان، ئەمما گریان. پاشتر راپۆرتێکم بۆ بەڕێز خامنەیی بەرزکردەوەو داوام لێکرد ئەو ستەمە لەسەر ئەو پیاوە شۆڕشگێڕو زاناو ساڵحە هەڵبگرێت. بەداخەوە تازە کار لە کار ترازابوو، برسێتی جەستەی دارزاندبوو، گۆشتی پێوە نەمابوو، ئیدی بە ئازادیی سەری نایەوەو گەڕایەوە بۆلای خوای خۆیو، لەستەمو زۆری مرۆڤو ستەمکاران رزگاری بوو. لەبیرمە لە پاسەوانەکانم پرسی بۆچی ئەم سەرکردە بانگخوازەتان دەستبەسەر کردووە؟ لە وەڵامدا گوتی هیچ گومانو تۆمەتێکی لەسەر نییە، بەس لەبەر ئەوەی تێرۆر نەکرێت دەستبەسەرمان کردووە، واتە ئێمە دەیپارێزین، بە لاقرتێوە کەوتمە پێکەنینو وەڵامم دایەوە ئەگەر هەر کەسێک دوژمنی هەبێت دەبێت ئاوای لێ بەسەر بێنن؟!! ئەگەر وایە دەبێت کەسایەتییە باڵادەستەکانی دەوڵەت وەک رەفسنجانیش بخرێتە زیندانەوە، رەفسنجانی ئەوکات سەرۆک کۆمار بوو.!! خۆ دوژمنی زۆرە!!! ( 5).

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە روخاندنی سستمی شاهەنشایی پەهلەویی محەمەد رەزا شا لەساڵی 1979، موفتی زادە حیزبی مساواتی (یەکسانی) ئیسلامیی دامەزراند.

پاش رووخانی رژێمەکەی شا چەند رێکخراوێکی سەرەکیی لەشاری (سنە) هەڵدەسوڕان، یەکەم، هێزە غەیرە مەزهەبییو چەپەکان، کە لە رووی لایەنگرو کادێرو نفوزی جەماوەرییەوە (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان) لەسەرووی لایەکانی ترەوە بوو، لەگەڵ (رێکخراوی چریکە فیداییەکان)و (رێکخراوی پەیکار)، هەروەها یەکێتیی کۆمۆنیستەکان و حزبی دیموکراث لە بازنەی ئەم رەوتەدا بوون. دووەم، رەوتێکی ئیسلامی مەزهەبیی، کە ئەحمەدی موفتی زادە بەڕێوەی دەبرد (6). لێرەدا ئاماژە بە لە پێڕەوو پرۆگرامی (حیزبی مساواتی ئیسلامیی) دەدەین، کە شەش ماددەی لە خۆ گرتبوو، لەلایەن موفتی زادەشەوە نوسرابوون، ماددەی دووەم ئاماژەی بەوە داوە، کە « لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی ئێراندا، مافە جۆراوجۆرە سیاسیی، کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی هەموو نەتەوە موسوڵمانەکانی ئێران پێویستە بەشێوەیەکی یەکسان دەستەبەر بکرێنو لەسەر بنەمای یاسا و رێسا ئیسلامییەکان بەتەواوەتی جێبەجێبکرێن، پێویستە ئازادی تەواویان هەبێت لە ئێرانێکی یەکگرتودا. لەسەر بنەمایە دەبوو هیچکام لە پێکهاتە ئیسلامییەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان هیچ جیاوکێکی بەسەر ئەوی تردا نەبێت...»، هەروەها لە مادەی 5 ئاماژەی بەوە داوە، کە « ئەندامێتی لە حیزبی مساواتی ئیسلامی کورت نابێتەوە لە نەتەوەیەکی تایبەت دا، هەر کەسێک لە هەر شوێنێک بێت و هەر ناسنامەیەکی هەبێت، کە بڕوای بەم پرەنسیپانە هەبێت، بیەوێت کۆشش بکات بۆ جێبەجێکردنیان، دەتوانێت ببێت بە ئەندامی ئەم حیزبە» (7).

وەک ئاماژەمان پێدا، موفتی زادە، کەسایەتییەکی مەزهەبیی سیاسیی کوردیی سوننی شارەزا بوو، لایەنگری زۆر لە شارەکانی سنە، کرماشانو سەقز لەدەوری خۆی خڕکردبۆوە، بەتایبەت لە شاری سنە بەهێزترین کەسایەتیی رێزدارو گوێلێگیراوو، سەرسەختترین دوژمنی هێزە چەپەکانی وەک کۆمەڵەو چریکە فیداییەکان بووە. لەسەردەمی رژێمی پەهلەوییدا وەک کەسایەتییەکی ئایینیی دەناسرا، کە پتر هەوڵەکانی لەدەوری دژایەتیکردنی خورافاتی مەزهەبییو خزمەت بە فەرهەنگیی کوردیی هەڵدەسوڕا. موفتی زادە یەکێک بووە لە دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی (کوردستان)، ئەو رۆژنامەیەی لەساڵی

1959دا رژێمی شاهنشاهیی وەک ململانێو کاری پرۆپاگەندەیی لەبەرامبەر حکومەتی عەبدولکەریم قاسمدا بڵاوی دەکردەوە. ناوبراو لەساڵی 1973 بەمەبەستی بانگەشەکردن بۆ بیروڕای ئیسلامیی چەند قوتابخانەیەکی لەشاری سنە بەناوی مەکتەبی قورئان دامەزراند، ئێیدا لاوان پەروەردە دەکران. لەکاتی بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی ئێرانیشدا موفتی زادە پەیوەندیی بە ئایەتوڵڵا مونتەزەرییو مەهدی بازرگانەوە هەبووە (8). موفتی زادە، کە دامەزرێنەی مەکتەبی قورئان بوو لەمەریوان، سنەو سەقز، خوازیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی تیۆکراسیی بوو، پێیوابوو دەکرێت خۆی ببێتە خومەینی سوننەکانی کوردستان. مەکتەبی قورئانی مەریوان لەلایەن هەندێک کەسەوە وەک «فەتاح حەیدەری، ڕەحمان حەیدەری، خوسرەوی، برایانی حەلاق، ئەنوەر خوسرەوی، محەمەد ئەمین نیکخوا، محەمەد ساڵح ڕەشیدی، ئەحمەد حەیدەری بالکی...» ڕێبەرایەتیی دەکرا .(9)

لەبنەڕەتدا، بیری دامەزراندنی مەکتەبی قورئان لەلایەن (محەمەد عوسمان پوورەوە) بۆ هەریەک لە ئیبراهیم مەردۆخیو ئەحمەدی موفتی زادە پێشنیارکراوە، پاشتر نەخشەی کاری بانگخوازیی بۆ دانراوەو، خراوەتەسەرێ. ئیبراهیمی مەردۆخی لەبارەی دامەزراندنی مەکتەب قورئان بەمشێوەیە دەئاخفێت: «وەرگرتنی فیکری ئیخوانو هەروەها ئاشنایەتیو نێکەڵ بوون لەگەڵ فیکری کاک ئەحمەددا، کارێکی کرد کە ئێمە هەستی بەرپرسایەتی بکەینو بێلایەن بە نیسبەتی خەڵکی دانەنیشین، پرسیارمان ئەوە بوو کە زوڵم کامەیەو زوڵم لێکراو کێیە؟ ئەمان وت ئەبێ چی بکەین؟ بەڕاستی کاتێک ئاوا هەلومەرجێکمان ئەدی نەماندەتوانی بێلایەن دابنیشینو هاوکات لەگەڵ دەسپێکردنی شۆڕشی ئێران ئێمەش جموجۆڵمان دەسپێکردو هاتوچۆی لای کاک ئەحمەدمان کرد، تاکو پاییزی 1978 کاک ئەحمەدمان دەعوەت کرد بۆ مەریوانو ئەوانیش تەشریفیان هێنا، کە گەیشتنە ئێرە، سەر لە بەیانییەکەی ساواک زانیبووی بانگی کرد، قەراریش وابوو کە لە داسێران - کە دێیەکی نزیکی مەریوان بوو ماموستایەکی چاکی هەبوو- کاک ئەحمەد قسەمان بۆ بکات، ساواک چەند کاژمێرێک گیریان داو دوایی کە هاتەوە جومعەیەکی گەرموگوڕی بۆ کردینو شەوەکەی دانیشتینو فیکری دامەزراندنی مەدرەسەی قورئانمان هێنایە مەیدان. دەبێ بڵێم کە لە ئەسڵدا فیکرەکە هی کاک محەمەدی عوسمان پوور بوو، کە ماوەیەک لەوە پێش پرسیاری کرد ئەمەوێ مەدرەسەکی قورئان دانێم ناوی ئەو مەدرەسەیە چە بێتو چی لەسەر بنووسین؟ منیش ئەم ئایەتەم پێ گوت: (ان هذا القران یهدی للتی هی اقوم)، چەند ڕۆژێکی پێچوو پێی گەیشتم وتی ڕۆیشتم بۆ سنە بۆ خزمەت کاک ئەحمەد پرسیارم کرد چ ئایەتێک لەسەر تابلۆکەی بنووسین ئەویش هەر ئەو ئایەتەی پێشنیارکرد. کەواتە دامەزراندنی ئەم مەدرەسە وەک فیکرێک بنەڕەتەکەی لەوێوە هاتو کاتێک لەگەڵ کاک ئەحمەد هاوفکریمان کرد ئەویش

**ئێمە داواکارین دەوڵەت هەنگاوی لیبراڵانە بنێت بۆ سەرکوتکردنی تەواوی خۆفرۆشانی حزبی دیموکرات و چریکە فیدایییەکان و کۆمەڵە و هاوشێوەکانیان**



ئەحمەد موفتی زادە و بەشێك لە لایەنگرەكانی

پێشوازی لێکردو هەر ئەو شەوە لەماڵی کاک رەحمان حەیدەری باسمان کرد کە مەدرەسەی قورئان دابمەزرێنین، ئەوا بوو کە قوتابخانەی مەریوان بەر لە قوتابخانەی سنە دەستی بەکارکردو کاک عەبدوڵڵای ئێرانیو کاک عەلی رەحمانیمان بەناو مامۆستای قوتابخانەکە هەڵبژارد، خۆشمان یارمەتیمان ئەدا وەکو لێژنەی بەڕێوەبەر. برایانی وەک کاک عیزەتی حەلاق، کاک رەحمان حەیدەری، کاک بورهانی قانیعی فەرد، کاک جەلال خوسرەوی، کاک موحەمەد ئەمینی، کاک موحەمەد ئەمینی نیک خواه، ئەمانە پێڕەوبوون لەم کارەداو قوتابخانەی قورئان بەگەرمی دەستی بەکارکردو لەسەر نابلۆکەی ئەمەمان نوسی: (هانن بۆ هەموان ئازادە، ورود برای عموم ازادەست)، بەرنامەو ناوەڕۆکی دەرسەکانمان زۆرتر لەکاک ئەحمەد وەرەگرتو لەسەر فیکری ئەو بووین» (10).

هەلومەرجی نوێو دەرهاویشتەکانی شۆڕشی 1979 زەمینەی رەخساند تا هەموو ئەو وردە ئایدیاو گوتارانەی لەسەروبەندی حوکمڕانیی پەهلەوییەکاندا لە کوردستاندا سەرکوتکرابوون دەربکەونەوەو لەچوارچێوەی پارت و رێکخراوی سیاسییدا بێنەوە نێو گۆڕەپانەکە. هەموو ئەو گوتارانەی، کە لە کوردستاندا لە کێبڕکێدا بوونو، گەرەکیان بوو هێز و هەژموونیان بسەپێنن بریتی بوون لە ناسیۆنالیستەکان، مارکسییو ئیسلامییەکان. لەلایەکی ترەوە، لە 18-3-1979 لەسەر داوای ئەحمەدی موفتی زادە گوتاربێژانو زانایانی شارە کوردییەکان بانگهێشتی کۆبوونەوە کران لەماڵی (مەلا عەبدوڵای محەمەدی)، کە گوتاربێژی شاری سەقز بووە، سێ جار کۆبوونەوە ئەنجامدراوە، ئامانج لەو کۆبوونەوانە تاوتوێکردنی دۆخی گشتیی ئێرانو بەتایبەتیش کوردستان بووە، ئامادەبووان بریتی بوون لە هەریەک لە: «شێخ عیزەدینی حوسێنی (*)، گوتاربێژی شاری مەهاباد. مەلا محەمەدی رەبیعی (*)، گوتاربێژ لە کرماشان. شێخ جەلالی حوسێنی، لەشاری بانەوە. مەلا عەبدوڵای محەمەدی، گوتاربێژ لە سەقز. ئیبراهیم مەردۆخی، نوێنەری مەریوان. قازی محەمەد خدری، نوێنەری قوروە. مەلا سالحی رەحیمی، گوتاربێژی نەغەدە. لەئاکامی ئەو سێ کۆبوونەوەیەدا زانایانو رۆحانییەکان بەیاننامەیەکیان بۆ رای گشتیی بڵاوکردۆتەوە، کە چەند خاڵێکی لەخۆگرتبوو، ئەوانیش:

- لەئامادەکردنی رەشنووسی یاسای بنەڕەتیی (دەستوور)ی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەبێت زانایانو بیرمەندانی سوننەو شیعە پێکەوە بن، ئەگەر هەر یاسایەکی بنەڕەتیی بەبێ سوننە دەرچێت، هیچ ئەرزشێکی نییە.
- دەبێت لەیاسای بنەڕەتییدا راشکاوانە بگوترێت هەموو نەتەوەکانی کورد - لەوانە کورد - دەبێت مافە میلیی، سیاسیی، کەلتوریی، کۆمەڵایەتییو ئابوورییەکانیان دەستەبەر بکرێن، نەتەوەیەک بەسەر ئەوی تردا سوارو زاڵ نەکرێت.
- دەبێت سیاسەتی کۆمەڵایەتییو ئابووری ئێران بەشێوەیەک رێک بخرێت، کە هەرجۆرە پلەبەندییو جیاوازییەکی چینایەتیی - ماددیی یان مەعنەویی لەناوبەرێت، هەروەها خۆبەلزانینو زیادەڕەویی لەسەرێکەوە، چەوسانەوە لەسەرێکی ترەوە دروست نەبێت (11).

لەلایەکی ترەوە، گوتاری شۆڕشی

ئیسلامیی زەمینەیەکی لەباری بۆ هەموو ئەو بیرو ئەرزە جیاوازانە رەخساندبوو، لەو میانەیشدا (مەکتەب قورئان (ئیسلامیی)، (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) ناسیۆنالیست، (چریکە فیدائییەکان، پەیکار) مارکسیی لینینیی، شوێنی خۆیان کردەوە. ئەوان بڕیاریاندا لە زەمینەی سیاسیی کوردستاندا درێژە بە نیازو روانینی سیاسییان بدەن. بەسەرنجدان لە هەژمووونی گوتاری شۆڕشگێڕیی ئەوکاتە هەریەک لەو هێزانە دروشمی لابردنو کۆتایی هێنان بە ستەم و بندەستیی کوردیان بەرزکردەوە: یەکەم، مارکسیستەکان داکۆکییان دەکرد لە: دادپەروەریی کۆمەڵایەتییو ئابووریی، ئابووری سۆشیالیستیی، بەرابەریی چینەکان، چاکسازیی لە زەوی و زاردا. دووەم، ناسیۆنالیستەکانی کورد داکۆکییان دەکرد لە: دیموکراسیی، یەکسانیی، خودموختاریی بۆ کورد، مافە ئێتنۆ نەتەوەییەکانی کورد، دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم. سێیەم ئیسلامییەکانیش داکۆکییان دەکرد لە: بەهاکانی مەکتەب قورئان، کە یەکێتیی ئیسلامیی، حکومەتی ئیسلامییو مافخوازییەکانی سوننە بوو. لەگەڵ گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران، (مەکتەب قورئان) کەوتە جموجۆڵو بزووتن، پاشتریش بەهۆی ناکۆکییو نائەبایی بیروباوەڕی ئیسلامیی مەکتەبییەکانو چەپگەرایی هێزە چەپو سۆسیالیستییەکان، لایەنگرو شوێنکەوتووانی مەکتەب قورئان لەگەڵ هێزە چەپەکان بەتایبەت کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانو چریکە فیدائییەکانی خەڵک کەوتنە زۆرانگرتن. مەکتەبییەکان هێزێکی چەکدارییان بەناوی (پێشمەرگەی مسوڵمان) پێکهێناو، لەگەڵ چەپەکاندا پێکهەڵپژان. وێڕای ئەوەی لەگەڵ ئەواوی هێزو لایەنەکانی تریشدا دانوویان نەدەکوڵاو، بەدژە شۆڕشیان لەقەڵەم دەدان. لەبەڵگەنامەیەکدا کە راگەیاندنی هەشت خاڵیی ئەحمەدی موفتی زادە لەخۆدەگرێتو، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1980، خاڵەکانیش بریتی بوون لە: یەکەم- ئێمە داواکارین دەوڵەت هەنگاوی لێبڕاوانە بنێت بۆ سەرکوتکردنی تەواوی خۆفرۆشانی حیزبی دیموکراتو چریکە فیدائییەکانو کۆمەڵەو هاوشێوەکانیان. دووەم- ئێمە خوازیاری بەهێزکردنی هێزە خەڵکییو شۆڕشگێڕەکانین بەتایبەتی پێشمەرگە موسوڵمانەکانی کورد لە بواری دووبارە وەرگرتنەوەی کوردستانی لەدەستچوومان. -3 ئێمە خوازیاری هەنگاوی خێرای هێزە چەکدارەکانین لەبواری هاوکاریی لەگەڵ پێشمەرگە موسوڵماندا لەبابەت گەڕانەوەی هاونیشتمانییە کۆچکردووەکانماندا. -4 ئێمە خوازیارین لەوە زیاتر دەرفەت نەدرێت بە حیزبەکان بۆ چەکداربوونیانو جیابوونەوەی کوردستانو ئامانجە دژە ئیسلامییەکانیان. -5 ئێمە خوازیاری راگرتنی هەرجۆرە دانوستانو وتووێژێکین لەگەڵ سەرپەلو بڵاوکەرەوەکانی کوفردایین لە ناوچەکەداو، هیچ جۆرە ئیمتیازو پولێکیان پێ نەدرێت لەلایەن لێژنەی نییەت پاکییەوە. -6 ئێمە داواکارین هەرچی خێراترە ناوەندی فێرکردنو بارەێنانی کرماشانو کوردستان لە کەسە چەپو دژە شۆڕشەکان پاک بکرێنەوە. -7 ئێمە داواکارین لە بەرپرسانی وڵات، کە هەرچی زووترە بکەونە پاکژکردنەوەو لابردنی هەرچی کەسی سازشکارو دووڕووە (موناڤیق)ە، کە لە بنکەی پۆلیس چەکدارن بەتایبەت، کە بنکەکانی پۆلیس بەربەستن لە کۆتایی هێنان بە کارەساتی کوردستان. -8 ئێمە خوازیاری جێبەجێکردنی فەرمانی بڕیار (قەتعنامە) ی ئیمام خومەینین سەبارەت بە بەستنی سنوورەکان لەلایەن ئەرتەشەوە بەمەبەستی پێشگرتن لە هاتنە ناوەوەی دژە شۆڕش، هاتنە ناوەوەی چەک بۆ ناوچەکە کە لەسەرەتای رووداوەکانی کوردستاندا لە حەوت مانگی پێشدا دراوە6---12 1980 (12) .

هەر لەو قۆناغەدا مەکتەب قورئان کەوتە داوی متمانەکردن بە حکومەتو گوتاری شۆڕشی ئیسلامیی، ئەمەش بەپێچەوانەی پارتە کوردییەکانی ترەوە (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتەکانی تر)، ئەویش بریتیبوو لە بەشداریکردنی لە راپرسی 1 مانگی چواری ساڵی 1979و دەنگدان بۆ کۆماری ئیسلامی و هاندانی خەڵک بۆ بەشداریکردن لەرێگەی راگەیەندراوەکەی 25 مانگی ئازاری ساڵی 1979. بەڵام، بەپێی راپۆرتی ناوەندی هەواڵی فارس، کە لەلایەن رۆژنامەی کەیهانەوە لە 8 تشرینی یەکەمی ساڵی 1979 بڵاوکرایەوە، موفتی زادە دوای چەند مانگێک لە خۆپیشاندانی خەڵک لە شاری سنە نارد لە تارانەوە لەرێگەی رادیۆی سنەوە داوای لە خەڵک کرد کە خۆپیشان نەکەن، بەهۆی دەرکەوتنی هێزەکانی نەیاری شۆڕشەوە. موفتی زادە وەک تەنها کەسی بانگێشتکراو لەلایەن ئایەتوڵا مونتەزیری (سەرۆکی ئەنجومەنەکە) بەشداریکرد لە

کۆبونەوەکەدا بەبێ هەڵبژاردن. ئەگەرچی هەندێک لە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان لەوانەش عەبدوڕەحمان قاسملوو ڕێگەیان لێگیرا بچنە ئەنجومەنەکەوە. هەروەها لە گفتوگۆکانی ئەنجومەنەکەدا هێرشکرابووە سەر خەڵکی کوردستان، ئەمە روویەکی تری پەیوەندی ئەو بوو لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا. بەهۆی ئەم هۆکارانەوە، کەسێکی وەکو (نادر ئینتیسار) وەسفی موفتی زادە دەکات وەک لایەنگرێکی کۆماری ئیسلامیی و دڵسۆزی حکومەتی ئایینیی ئێران. لەڕاستیدا، سیاسەتمەدارانی حکومەتی ناوەندیی، موفتی زادەیان وەک نوێنەری کورد و سوننە بەکاردەهێنا بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەت بۆ ئەنجومەنەکە (13).

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی مەکتەب قورئانو ئەحمەدی موفتی زادە لەگەڵ (شێخ عیزەدینی حوسێنی)دا، ناوبراو لەپێش شۆڕشی گەلانی ئێراندا پەیوەندیی لەگەڵ شێخ عیزەدینی حوسێنی هەبووە، پەیوەندیی نێوانیان وەک دوو کەسایەتیی ئایینیی پەیوەندییەکی باشو دۆستانەبووە، بەڵام لەپاش شۆڕش جیاوازیی کەوتە نێوانیانەوە. چونکە موفتی زادە داوای خودموختاری ئیسلامیی کردووە، شێخ عیزەدینیش داوای خودموختاری بۆ کوردستانو دیموکراسی بۆ ئێران کردووە، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە شێخ عیزەدینی حوسێنی بەلایەنی نەتەوەیی داوە، موفتی زادەش بەرەو لایەنی ئایینیی رۆشتووە. هەر سەبارەت بە خاڵە ناکۆکەکانی نێوان موفتی زادەو شێخ عیزەدینی حوسێنی، موفتی زادە دژ دەوڵەتی سێکیۆلاربووەو گوتوویە: «هەر ئەم سیاسەتە دژ گەلیە، واتە جیاکردنەوەی ئایین لەسیاسەت رۆژ بەرۆژ کۆمەڵگەی مەزنو پۆلاینی تاک پەرەستی بەرەو مەستیو بت پەرەستیی هاندەدا.. حکومەتیش یەکێک لەمەسەلە مرۆڤایەتییەکان، کە ئیسلام بنەماو رێوشوێنێکی بۆ دارشتووە، کە هیچ کات کۆن نابێو لەکار ناکەوێ..» (14).

لەلایەکی ترەوە، لە کۆبوونەوەی زانایانی کوردستان، کە ئەحمەدی موفتی زادەو شێخ عیزەینی حوسێنیو چەندین زاناو کەسایەتیی ئایینیی بەشدارییان تێداکرد، هەر لەو رۆژەدا موفتی زادەو حوسێنی رێکەوتوونو ئاشتەواییان راگەیاندووە، ئاشتەواییەکە بە شایەتیی مەلا محەمەدی رەبیعیو مەلا عەبدوڵڵای محەمەدییو عەبدوڕەحمان تاهیریی بووە، سەرەنجام موفتی زادە راگەیەنراوێکی نووسیوەو هاوهەڵوێستی خۆیو شێخ عیزەدینی حوسێنی راگەیاندو، هەر سێ شایەتەکەش واژۆیان لەسەر کردووە(15).

ئەحمەدی موفتی زادە، لەدژی مەلاو رۆحانییەکان وەستاوەتەوەو، لەدژی سیستمی دیموکراسی هەڵوێستی وەرگرتووە، ئەو بەتوندی هانی چەکدارکردنی مەلاو فەقێ ئایینییەکانی دەداو گوتوویە :»شەرمە بۆ ئەو مەلایانەی شمشێری تیژی پێغەمبەریان گۆڕیوە بە شمشێرێکی تەختەو لەرۆژانی جومعەدا دەچنە شوێنی پەیامبەرو قسە بۆ خەڵکی دەکەن، هەروەها دیموکراسی رۆژئاوای بە لەبەرامبەر شورای ئیسلامییدا پێ بێبنەماو پڕکەموکورتیی بووە، لەکاتێکدا لەدووەمیاندا هەموو چینو توێژێکی کۆمەڵگەی مسوڵمانان بەشێوەیەکی راستەوخۆ رۆڵ لەدیاریکردنی دەسەڵاتو چارەنووسیاندا دەگێڕن، دیموکراسی رۆژواوا لەدەستی پارتە دەوڵەمەندو چینە باڵاکانی هەرەمی کۆمەڵگەدا قەتیس دەمێنێت، هەر بۆیە لەرۆژئاوا مادده دەسەڵات مسۆگەر دەکاتو، دەنگی کەمینە حسابی بۆ ناکرێت، کە خاوەن بۆچوونو دیدی خۆیانن. هەروەها موفتی زادە بڕوای بەدامەزراندنی دەسەڵاتێکی ئیسلامییانە هەبوو، کە یەکسانییەکی تەواو لەنێوان مەزهەبو نەتەوەو چینەکاندا دابین بکات، ئەوەی کە موفتی زادە بە (جامعە بی گبقە توحید اسلامی/کۆمەڵگەی بێ چینی یەکگرتوو ئیسلامیی)و (مساوات اسلامی/ یەکسانیی ئیسلامیی) ئاماژەی پێدەدا. سەبارەت بە چارەسەری کێشەی نەتەوەکانیش، موفتی زادە باسی لەیەکسانیی نەتەوایەتیی لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی ئیسلامیدا دەکرد، واتە فیدراڵی ئیسلامیی، کە هیچ نەتەوەیەک نەتوانێت ئەوی دی بخاتە ژێر باری ستەم ( 16).

هەروەها گازندەی خۆی لەبارەی تەسەوفەوە نەشاردۆتەوەو، لەمیانی گفتوگۆیەکدا، کە لەگەڵ ئەحمەدی موفتی زادەدا ئەنجامدراوە، ناوبراو رەخنە لە تەسەوفو ئەو ئاکارانە دەگرێت، کە ئەهلی تەسەوف لەرۆژهەڵاتی کوردستان پێڕەویی لێدەکەن، لەدرێژەی ئەو گفتوگۆیەدا تێڕوانینەکانی بەمشێوەیە دەربڕیوە، بۆ نمونە لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا، ئەگەر کەسێک بچێتە لای شێخێک چ مانایەک دەبەخشێت، گوتوویە: «داواکردنی یارمەتی لە حزوردا مانای چییە؟ ئەمە پەیوەندی بە جیهانی شەهادەوە هەیە و ئاساییە. منیش ئێستا داواتان لێ

ئەکەم، کە دوعای خێرم بۆ بکەن ، نۆش دەتوانی لەهەرموسڵمانێک، کە دەتەوێ داوای دوعای خێرم بۆ بکە، ئەمە پەیوەندی بە جیهانی شەهادەوە هەیە. ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە عالەمی شەهادەوە هەیە، لەگەڵ ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندیان بە جیهانی غەیبەوە هەیە جودان، ئەو مەسەلەیەی کە دەڵێین شیرکە کامەیە؟ ( منیش ئەمەم بەلاوە شیرکە)، ئەوە نیە کە من ئێستا لێرە دانیشتووم لە کەسێک ( مردو یا زیندو) کە لێرە نییە داوای یارمەتی بکەین، ئەمە شیرکە.. جیهانی (بوون- وجود) دوو بەشی لەیەکتر جودای هەیە. یەکێکیان ناوی جیهانی شەهادەیە و ئەوی تریان جیهانی غەیب. لەلایەن خواوە بۆ ئەم دوو جیهانە بنەما وئایبەتمەندی دانراوە، کە ئەگەر چی لەهەندێ لایەنەوە لەیەک دەچن، لە باقی لایەنەکانی ترەوە لەگەڵ یەکتر جودان. جیهانی شەهادە مانای ئەم جیهانە زندووە ئاساییەی ئێمە وباقی زیندەوەران و بێ گیانەکانی تر. مەبەستی ئێمە بەگشتی هەموو ئەوانە ، پێیان دەڵێین جیهانی شەهادە. جیهانی شەهادە جیهانی پەیوەندییەکان، هۆکان، کار و کاردانەوەکانی ئێمە بووە، باقییەکەی مەسەلەگەلێکن پەیوەندیان بە مادەوە هەیە. لەم جیهانی شەهادەیەدا ئینسان، گەورەترین ئینسان، پێغەمبەرێک، نە تەنیا یارمەتی لە ئینسانەکانی تر وەردەگرێ، لە گیانداران و بێ گیانەکانیش یارمەتی وەردەگرێ. پێغەمبەرێ کاتێ کارێکی هەیە، خۆی ناتوانێ و دەستی ناگات، وەختی نییە کارەکەی ئەنجام بدات، بەکەسێکی تر دەڵێ برۆ ئەوکارەم بۆ ئەنجام بە، چونکە لە جیهانی ئاسایدا، جیهانی شەهادە، ناتوانێ ئەم کارە ئەنجام بدات، کەسێک یارمەتی ئەدا کارەکەی بۆ ئەنجام ئەدا. دەیەوێ بەرێگادا بڕوا ماندوو ئەبێ، ناتوانێ پیادە بڕوا، سواری چوارپێیەک دەبێ و ڕێگاکە دەروا، ئەنانەت پێغەمبەر پێویستی بە چوارپێیەکە کە ماوەیەک سواری بێت و ڕێگاکەی بڕواو ماندوو نەبێ، کاتێ تینووە مانای لەشی پێویستی بە ئاوە یارمەتی لە ئاو وەردەگرێ و ئاو دەخواتەوە، کاتێ برسییە خۆراک دەخوا، ئەمە سەبارەت بە جیهانی شەهادەیە، لە جیهانی شەهادەتدا. لە عالەمی شەهادەتدا،هەر شتێک دەتوانێ یارمەتی شتێکی تر بدات، تەنانەت ئینسانێک و گەورەترین ئینسانیش، یارمەتی مادی یا مەعنەوی. بەڵام ئەومەسەلەیەی کە جێگای باسی ئێمەیە، جیهانی غەیبە نەک جیهانی شەهادە( ایاک نستعین) کە فێرمان دەکات و لە زۆر ئایاتی تریشدا فێرمان دەکات، لەو جۆرە پشتبەستن و داوای یارمەتیانەیە کە هەمیشە بۆتە هۆی سەرگەردانی میللەتان، جێی داخیشە کاتێ سونییەت بووە باو لەناو موسڵماناندا، دووبارە ڕێگای یەکێتی ئیسلامیان وون کرد و دوچاری ئەو هەڵەیە بوون. مەبەست ئەوەیە کە لە جیهانی شەهادەت بەولاوە، کاتێ دەگەینە جیهانی غەیب، جیهانی غەیب تەنیا و تەنیا لە ئیختیاری خوا دایە، جگە لە خواش هیچ کەس توانا و دەسەڵاتی بەسەر جیهانی غەیبا نییە، بەڵێ، سەبارەت بە پێغەمبەران، بە گشتی مەسەلەکە بەم جۆرەیە بۆ

**موفتی زادە وەك تەنها كەسی بانگهێشتكراو لەلایەن ئایەتوڵا مونتەزیری (سەرۆكی ئەنجومەنەكە) بەشداریكرد لە كۆبونەوەكەدا بەبێ هەڵبژاردن. ئەگەرچی هەندێك لە نوێنەرە هەڵبژێردراوەكان لەوانەش عەبدوڕەحمان قاسملوو ڕێگەیان لێگیرا بچنە ئەنجومەنەكەوە**

ئێمەش دروستی هەر ئەوەیە، ئێمە جگە لە عالەمی شەهادە، هیچ دەسەڵاتێکمان نییە، هەموو مەسەلەکان لە ئیختیاری خوای گەورەدایە، بەم هۆیەوە لە زۆر ئایەتدا، ئەم مەسەلەیە باسکراوە، تا موسڵمانەکان دوچاری ئەو شرک و چەوتە رێگایە نەبن کە میللەتەکانی پێشوو تووشی هاتبوون، لەوانە ئێمەیان فێر کرد لە کاتی نوێژدا ، سورەتی فاتحە ئەخوێنین، چونکە ئینسانی موسڵمان دەبێ دەستورە بنەڕەتیەکان، بۆ زانینی مەعریفەتە گەورەکان، بزانێت، یەکێک لەو باسانەش، ئەم ( ایاک نستعین)ەیە. کە وتوویژ لەگەڵ خوایە، کە تەنیا داوای یارمەتی لە تۆ دەکەین. ئایا کاتێ ئینسانی موسڵمان لە ناخی دڵیەوە دەڵێت، راستییە، یا سەرزارەکییە، بۆنمونە بە نۆکەرتبم، بەقوربانت بم، بەساقەت بم، کە لە چاکوچۆنیدا بەیەکتری دەڵێین وشەیەکی رەسمی سەردەمانە لەگەڵ پەروەردەی سەقەتی ئێمەدا، ئەم دەربڕینانە لەسەر بنەمای حەقیقەت دەوترێن، مەعریفەتێک دروست کە خوا فێری ئێمەی کردووە، بێگومان ئەمە مەشقی دووەمە، دروستە؟ نابێ ریاکاری و مجامەلەی تێدا بێت، کاتێ دەڵێین: خوایە تەنیا داوای یارمەتی لە تۆ دەکەین، دەبێ راستگۆ بین لەم وتنەماندا، کاتێ بڵێین: خوایە! تەنیا داوای یارمەتی لە تۆ دەکەین، بەڵام نوێژەکەمان تەواو بوو، یا پەیامبەر لە فڵانە کاردا یارمەتیم بە. ئەی فڵانە شێخ، ئەی فڵانە ئیمام فریام کەوە، شیفام بۆ بنێرە، یا بۆ من دوعا بکە، تەنانەت بەو شێوەیەش کە تۆ فەرمووت، ئەوش بووە شیرک.

شیرک مانای چییە؟ ئەوەی کە سیفەتی خوایی کە تەنیا خوا فەریادڕەسە و تەنیا ئەو دەسەڵاتی بەسەر جیهانی غەیبدا هەیە، بۆ کەسێکی تری قایل بی، ئەم مەسەلەیە لەگەڵ مەسەلەکانی جیهانی شەهادەتدا جودان، کە لە وێدا دەزانین یارمەتییە ماددی و مەعنەوییەکان چ مانایەکیان هەیە! سەبارەت بە مەعنەویاتی جیهانی شەهادە، من لە تۆ داوا ئەکەم، دوعای خێرم بۆ بکەی، یان کارێکی ئاساییم بۆ ئەنجام بەی، هیچ جیاوازی نییە. کاتێ موسڵمانەکان دەچوونە لای حەزرەتی رەسول و داوایان لێدەکرد کە دوعای خێریان بۆ بکات، ئەو فەرمانەی کە خوا دەستوری داوە بە هەموو موسڵمانەکان کە بۆ یەکتر داوای خێر بکەن، چ لە کار و چ لە نییەت و چ بەزمان، حەزرەتی رەسول ئەو دەستورەی ئەنجام ئەدا و دوعای خێری بۆ ئەکردن، هەروەک چۆن ئێمە هەمیشە دوعای خێر بۆ حەزرەتی رەسوڵ دەکەین» (17).

**باسی دووەم/ رۆڵی ئەحمەدی موفتی زادە لەبەستنی (کۆنگرەی شورای ناوەندیی سوننە) «شەمس»و (کۆنگرەی خودموختاریی کوردستان)**

پاش بێهیوایی ئەحمەدی موفتی زادە لە لە تێڕوانینی دەسەڵاتدارانی نوێی ئێران سەبارەت بە مافەکانی سوننە، بڕیاریدا لەساڵی 1981 کۆنفرانسێک ببەستێت بۆ زانایانی سوننە لە کوردستان، تورکەمەنستان، بلوچستانو مەشهەد، داواشی کردووە حکومەتی ئێران نوێنەری خۆی بنێرێت تاکو وەک پیلانێک خوێندنەوەی بۆ نەکرێت. پاشتر شورای مەرکەزیی سوننەت (شەمس) ی لێوە پێکهات، دووەم کەسی شورای ناوبراو ناسری سوبحانی بوو. شورای مەرکەزیی سوننەت لەبەیاننامەیەکدا داوای لە حکومەتی ئێران کرد ریفۆرمی دەستووریی ئەنجام بدات لەپاڵ ئافەرۆزکردنی کینەبەریی مەزهەبییو خزمەتکردنی تەواوی گەلانی ئێران بەبێ جیاوازیی. دانیشتنەکانی شورای مەرکەزیی وەرزیی بووە، لە هاوینی 1982 کۆنگرەیەکی فراوان رێکخرا، کە 150–200 کەس بانگهێشت کرابوو، ئەحمەدی موفتی زادە پتر لە چوار سەعات روونکردنەوەی داوە لەبارەی هەوڵەکانی پێشوویان، رەخنەی زۆری لەحکومەتو سەرۆک کۆماری عەلی خامنەیی گرتووە، پاش کۆنگرەکەی کرماشان ئێران کەوتە گرتنی ئەندامانی شورای شەمسو لە گرتووخانەی ئەوین خزێنران، بە ئەحمەدی موفتی زادەشەوە، کە بۆماوەی یازدە ساڵ لە کونجی زیندان خزێنرا (18).

شایەنی باسە، کۆنگرەی یەکەمی شورای مەرکەزیی سوننە (شەمس)لەمانگی ئازاری ساڵی 1981ەدا ئەحمەدی موفتی زادە لەگەڵ چەندین کەسایەتیی بۆ گرێدانی یەکەم کۆنگرەی ئەهلی سوننە کەوتە راوێژو پرسوجۆکردن، ئامانج لەم بیروڕا گۆڕینەوەیە هەڵبژاردنی (شورایەکی شەرعیی) بوو لەناو زانایانو کەسایەتییە دیارەکانی سوننە، کۆنگرەیەکە لە 1–4–1981 بە بەشداریی دەیان زاناو رۆحانیی سوننەکان لەناوچە جیاوازەکانی ئێرانەوە بەسترا، بەشداربووان بریتی بوون لە «ئەحمەدی موفتی زادە (سنە)، مەولەوی عەبدولعەزیز (زاهیدان)، ناسری سوبحانی (پاوە)، مەلا عەبدوڵا محەمەدی (سەقز)،

مەلا عەبدولعەزیز (قەسری شیرین)، مەولەوی عەبدولحەمید(زاهیدان)، مەولەوی عەبدولمەلیک (زاهیدان)، مەولەوی سەید فازڵ (خۆراسان)، مەولەوی ئەڵڵا یاری (بیرجەند)، مەلا ساڵحی خوسرەوی». لەم کۆنگرەیەدا پاش دوو رۆژ لە کۆبوونەوەی چڕوپڕ، بەشداربووان بەیاننامەیەکیان دەرکردو، داواکارییە بنچینەییەکانی سوننەکانی ئێرانیان لەچەند خاڵێکدا خستەڕوو، ئەوانیش:

•هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی یەکێتی ئوممەتی ئیسلامیو لەناوبردنی دیاردەکانی پەرتەوازەییو دەستەگەریی.

•پێکهێنانی شوراگەلی سەر بە (شورای مەرکەزیی سوننە) لەتەواوی شارو ناوچە سوننەنشینەکان تا ببنە ئەڵقەی پێکەوە گرێدانی نێوان (شەمس)و جەماوەری سوننە.

•هەوڵدان بۆ هەڵگرتنی ستەمی (مەزهەبیی)و (نەتەوەیی)و (چینایەتیی) لەسەرانسەری ئێران لەرێگەی چاکسازیی بڕگەو ماددە جۆراوجۆرەکانی یاسای بنەڕەتیی (دەستوور).

•دامەزراندنی ناوەندێک یان مزگەوتێک لەتاران بۆ سوننەکانی نیشتەجێی ئەو شارە بەمەبەستی رێکخستنی کۆبوونەوەو سازدانی بۆنەو خزمەتگوزارییە ئایینییەکانیان (جومعەو جەماعەتو گوتارو هتد).

•دروستکردنو بەهێزکردنی قوتابخانەو قوتابخانەی زانستە شەرعییەکان لەناوچە سوننە نشینەکان، هەروەها رێگەخۆشکردن کردنەوەی خولی فێرکاریی وانەگوتنەوە لەقوتابخانە فەرمییەکان.

•پێکهێنانی گروپی بانگخوازیی بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیانی سوننە.

•دەرکردنی گۆڤارێک، کە رەنگدانەوەی خواستو هیواکانی سوننەکاندا بێت بەشێوەیەکی هەمیشەیی.

•بەرگرتن لە سوکایەتییو جوێندان بە مەزنە پیاوانی ئیسلامو دانانی لەدەستووردا.

•دانانی ئیمام جومعەو حاکمە شەرعییەکان لەناوچە سوننەنشینەکان بە رەزامەندیی خەڵکو بە پشتیوانی شورا.

•هەوڵدان بۆ رێکخستنی سەرمایەی سوننەکانو دانانی لەبواری بەرهەمهێنانو گەیشتن بە ئاستی خۆبژێویی.

•کارئاسانیکردن بۆ ناردنی کەسانێک بۆ ناوەندە ئیسلامییەکان بۆ فێربوونی زانستە ئیسلامییەکان.

•پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ نووسینەوەی مەنهەجی قوتابخانەکانی سوننە. چاپکردنی بڵاوکراوەیەکی هەمیشەیی بۆ گەیاندنی داواو ئامانجەکانی سوننە.

•هەنگاونان بۆ رێگرتن لەو سوکایەتییانەی بەرامبەر بە کەسایەتییە ئیسلامییەکانو جێکردنەوەی لە دەستووردا.

•تایبەتکردنی ماوەیەک لەپەخشی رادیۆو تەلەفیزیۆنی سەرانسەریی ئێران بۆ سوننەکان.

•دامەزراندنی حاکمی شەرعییو گوتاربێژ دەبێت بە راوێژ بێت لەگەڵ سوننەکان لەناوچە سوننەنشینەکاندا.

•بەپشتبەستن بە پێشنیارو پشتیوانی ئامادەبووان لەکۆبوونەوەکەدا پێویستە بڕیارسازیی لەلایەن شورای ناوەندیی سوننەوە لەژێر چاودێریی هەردوو رێبەری سوننە عەللامە موفتی زادەو مەولەوی عەبدولعەزیززادەدا بێت (19).

لەپاش بەستنی (کۆنگرەی خودموختاریی کوردستان) لەساڵی 1979 لەشاری سنە، لەلایەن ئەحەدی موفتی زادەوە داوای خودموختاریی بۆ کوردستان کراوەو گوتوویە: «سروشتییە ئەم پێشنیارو پرۆژەیەی من لەسەر بنەمای فەلسەفەو سیستمی ئیسلامییە، چونکە نە سیستمی خۆرئاوایی نە سۆسیالیستیی (پرۆژەی خودموختاریی)ان یان بەتەواوی دیموکراسی نییەو مافە نەتەوەییو خۆجێییەکان دابین نەکراون، چونکە لەو سیستەمانەدا دەسەڵات لەسەرەوە بۆ خوارەوە دادەڕێژرێت، بەڵام لەسیستمی ئیسلامییدا ستەمی نەتەوەییو چینایەتیی بوونیی نییەو دەسەڵات لەدەستی شورا مەحەلییەکاندایە، دواجار رۆڵ دەدرێت بە (شورای باڵا)» (20). موفتی زادە لایەنگری جۆرێک لە خودموختاری ئیسلامیی بووە، کە لەناوەرۆکدا بریتی بووە لە نەمانی ستەمی مەزهەبیی لەسەر خەڵکی سوننە مەزهەب، ناوبراو لە باشترین حاڵەتدا داواکاری نەمانی هەڵاواردنی مەزهەبیی بووە. سەبارەت هەڵوێستی پارتو رێکخراوەکان لەرۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە بەستنی کۆنگرەی خودموختاریی کوردستان هەڵوێستی جیاواز هاتنە ئاراوە، چریکە فیداییەکانو شێخ عیزەدینی حوسێنی بەدژی ئەو ئاڕاستەیە وەستانەوە، حیزبی دیموکرات بەو پێیەی لە بەری باشوورەوە پێگەیەکی ئەوتۆیان نەبوو، ئەوکاتیش شێخ عیزەدینی حوسێنی لەبەرەی کۆمەڵەدا بوو، بەشوێن ئەڵتەرناتیڤێکدا دەگەڕانو، کەوتنە هەڵسەنگاندنی دۆخی موفتی زادە (21).

مەبەستمان لەباسکردنی شورای شەمس، کە نوێنەرایەتیی مافخوازییەکانی سوننەی دەکرد لەئێراندا، هەر لەسەرەتاوە وەک مەترسییەکی گەورە بۆ سەر دەسەڵاتە مەزهەبییەکەی ئێران تەماشا دەکرا، بۆیەشە ڕێی لێگیراو، پرشی جووڵانەوەیان لێبڕی، هەروەها لەسەرەتای دەستبەکاربوونی شورای شەمسەوە تۆمەتبار دەکران بە بوونی سەرەداوی پەیوەندیی لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکاندا، موفتی زادە لەپەیامێکیدا بۆ خومەینی لەژێر ناوی: (پەیامێک لە مەلا ئەحمەدی موفتی زادەوە بۆ خومەینی)، کە لە 23ی 4ی 1981 نووسراوە ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە(22). لەلایەکی ترەوە، ئەندێشەو بیری مەکتەبییەکان برینی بوو لەئەحمەدی موفتی زادە، ناوبراو لەسەر ئەو بنەمایەی، کە دەبێت گەڕانەوە بۆ قورئان بێت، مەلاو ڕۆحانییەکانی بە خائین دەزانی، بە ئایین فرۆشی لەقەڵەم دەدان، هەروەها پێیوای وابوو ئەوان نەیانتوانیوە ئیسلامی ڕاستەقینە بە خەڵک بگەیەنن. موفتی زادە، خومەینی بە ڕێبەرێکی ئایینیی شیعە دەزانی، لە هەمان کاتیشدا خۆی بە ڕێبەرێکی ئایینیی سوننە دەزانی، دەیخواست وەک ڕێبەرێکی سوننەکان تەماشای بکەن. (23).

## باسی سێیەم/ ئاکارناسیی‌و پێناسی (مەکتەب قورئان) لەکایەی کۆمەڵایەتیی‌و ئابوورییدا

سەبارەت بە ئاکارناسیی‌و ڕەفتاری مەکتەبییەکان، ئەوانەی لایەنگرو هەواداری مەکتەب قورئانن بەچەندین ئاییەتمەندیی لەوانی تر جیادەکرێنەوە. لە باری کۆمەڵایەتییەوە، پاش کۆچی دوایی ئەحمەدی موفتی زادە شوێنکەوتووانی بوون بە چەند بەشێکەوە، ئێستا مەکتەبی قورئان خاوەنی چوار باڵە، کە دوو باڵی سەرەکیی و دوو باڵ کە موفتی زادە تەنها وەک خۆشەویستێک سەیر دەکەن و وەک ڕێبەرێکی ئاسایی لێی دەڕوانن. دوو باڵی سەرەکیی بە سەرکردایەتی (حەسەن ئەمینی و سەعدی قوڕەیشی) کە هەردووکیان لە کەسە نزیکەکانی موفتی زادە بوون بەڕێوە دەچێت. باڵی قوڕەیشی (ئەکسەریەت)، چالاکترینی ئەو باڵانەیە. مەکتەبییەکان لە لە تەقدیسی ئەحمەدی موفتی زادە دەڵێن: لەهەر کوێ باس لە ئیمان و ئازادیی و پیاوەتی بێتە پێش و هەرکات باسی ماریفەت، بیرۆکەی ئایینی، خۆشەویستی و خزمەت بە مرۆڤەکان، هەروەها سووربوون لە بەرگریی لە حەقی ئینسان بێتە بەرباس ناوی ئەحمەدی موفتی زادە وەک گەوهەرێکی نوورانی لە ڕوخساری ئەودا ئەم سیفەتانە ئەدرەوشێنەوە. پێیانوایە کێیە بیر لە بەختەوەری مرۆڤەکان و بایەخی خۆشەویستی و چاکی و ئاواتی بەختەوەریی و ئازادی مرۆڤ لە داوی زەڕ و زۆر و تەزویر بکات لە بەر ئینسانێکی وا نەکەوێتە سەر ئەژنۆی ئەدەب و شەیدای ئەو هەموو گەورەیی و عەزەمەتە ئەخلاقیی ئەو هەموو هەیبەت و خۆڕاگرییە لەپێناو خوا و خۆشەویستیی و ئیمان نەبێ کە بە هیچ جۆرێک وەسف ناکرێ.. باشووری کوردستانیش بەشێوەیەکی بەرچاو بایەخ بە کەسایەتیی ئەحمەدی موفتی زادە دەدرێت، لەپاڵ ئەمەشدا کار بۆ ئەوە دەکرێت لەم ڕێگەوە کاریگەریی لەسەر ئاستی فەرهەنگیی بسەلمێنن، لێرەشەوە لەکتێبخانە ئایینەکاندا هەست بەدیاردەیەکی لەمشێوەیە دەکرێت، کە کتێبو بۆچوونو وێنەکانی ئەحمەدی موفتی زادە دەفرۆشرێنو ئارادەیەکی بەرچاویش هاوسۆزیی بۆ دروستبووە (24).

سەبارەت بە هۆکارو زەمینەسازییەکانی پەیوەستبوونی جەماوەرێکی زۆر بە مەکتەبی قورئانەوە، بە گشتیی خۆی لەچەند فاکتەرێکدا دەبینێتەوە، لەوانە: «گەشەپێدانی ئاستی ئابووریی، کارئاسانی لە ئەنجامدانی هاوسەرگیریی. دوابەدوای پەیوەستبوونی کەسێک بە مەکتەبی قورئانەوە، لەلایەن مەکتەبییەکانی دیکەوە پێشوازیی‌و، پاشتر پشتیوانی ئابووریی لێ دەکرێت. مەکتەبییەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیی گرنگییەکی قەبە دەدەن بە ئاسانکاریی بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیریی‌و، لەسەر ئاستی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیش گرنگیی بە کەسایەتیی ئەندامەکانیان دەدەن. وەک ئاماژەمان پێدا، پاش کۆچی دوایی ئەحمەدی موفتی زادە شوێنکەوتوانی بوون بە دوو کوتەوە، دوو باڵی سەرەکیی بە سەرکردایەتیی (ئەمینی‌و قوڕەیشی)، کە هەردووکیان لە کەسە نزیکەکانی موفتی زادە بوون بەڕێوە دەچێت. مەکتەبییەکان لەناو کۆمەڵگەی کوردییدا لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵگەیەکی تریان بۆخۆیان ساز کردووەو خۆیان جیا کردۆتەوە. هەرکەس سەر بە مەکتەب قورئان نەبێت، بەشێوەیەکی جیاواز لێی دەڕوانن. هەروەها لە هەموو شارەکان لە چەند گەڕەکێکی جیاواز زەوی‌و ماڵ

دەکرن‌و لە تەنیشت یەکترەوە دەژین. لە هەموو شارەکان گەڕەکی مەکتەبییەکان هەیەو بەو شێوە خۆیان جیا کردۆتەوە. قوڕەیشییەکان بەتوندیی بەگژ ئەو بیروبۆچوونە دژبەرانەدا دەچنەوە، کە کەسایەتیی‌و ڕۆڵی ئەحمەدی موفتی زادە بەئامانج دەگرن. ئەندامانی مەکتەب لە چوارچێوەی پیرۆزاندنی ڕێبەرەکەیان، وێنەکانی ئەحمەدی موفتی زادەیان کردۆتە باگراوندی مۆبایل‌و لاپتۆپەکانیان، وێنەی موفتی زادە لە ماڵی هەموو مەکتەبییەکاندا هەڵواسراوە. لە زۆربەی ماڵە مەکتەبییەکاندا لە هۆڵێکدا چەند وێنەیەکی موفتی زادەو قوڕەیشی هەڵواسراوە. ئەندامانی مەکتەب ناوی ڕێبەرەکەیان لەنەوەکانی خۆیان دەنێن. ئەحمەد، حەمەژیان (ناوی کوڕەکەی موفتی زادە)، سەعدی، فاروق، سەنا .. هتد. هەروەها ریش دەتاشن‌و سمێڵیان وەک موفتی زادە دەهێڵنەوە. سەرجەم پیاوەکانی مەکتەب قورئان وەک موفتیزادە سمێڵیان دەهێڵنەوە، بەو شێوەی لێوی سەروویان دیار بێت‌و، ریشیان پاک دەتاشن‌و، ژنەکانیان وەک بنەماڵەی موفتی زادە چارشێوی ڕەنگی ڕوون لەسەر دەکەن. کایەی ئابووریی، یەکێکە لە سەرەکیترین ئامانجەکانی مەکتەب قورئان. کۆمپانیاکانی مۆکێتی کرێشە، کۆمپانی ساختەکردنی کارتۆن، کۆمپانیای دروستکردنی بزمار، کۆمپانیای شیفا بۆ دەرمانی سروشتیی، کۆمپانیای ئالۆمین بۆ بەرهەمهێنانی رادێتەری ئوتۆمبێل، کۆمپانیای وەن بۆ بنێشت‌و نانە قەیسی، کۆمپانیای سوسیس‌و کالباسی زونگ، کە سەر بە قوڕەیشی‌و ستافی سەرکردایەتیی مەکتەبە، کۆمپانیای ساختەکردنی چینیی، کۆمپانیای فەڕش‌و وەکالەتی فەڕشی نەخشین، وەکالەتی زەڕ- ماکارۆن‌و تەک- ماکارۆن.. (26). هەر جوڵانەوەیەک بگری، بیرکردنەوەی بەهەر شێوەیەک بێت بۆ پتەوکردنی پایەی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی‌و ئابووریی ، پێویستی بە ئابوورییەکی بەهێزەو، فاکتەری ئابووریی ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە پەلکێشان‌و دەڵبوونی بازنەی کارو چالاکییەکانیدا. مەکتەبی قورئان لەسەر ئەو بنەمایە ئابوورییەی ئیسلامیزمی بازاڕ/اسلامیه السوق هەستاوە بە دامەزراندنی دەیان کۆمپانیای گەورە و گچکە، کە زۆربەی داهاتی زەبەلاحی ئەم کۆمپانیایانە دەگەڕێتەوە بۆ مەکتەب قورئان، بەو هۆیەوە کاری خۆیانی پێ بەڕێ دەکەن، هەروەها کتێب و دەستنوسەکانی ئەحمەدی موفتی زادەی پێ چاپ دەکرێتەوە، هەندێکیش لەو داهاتانە وەک یارمەتی دەدرێت بە ئەندامانی مەکتەبی قورئان، ئەوانەی کە توانای ئابووریان لاوازەو دەستکورتن. شایەنی باسە، یارمەتی دانی ئەندامانی مەکتەب قورئان لە سەرەکیترین هۆکاری چوونە ناو ڕێکخستنەکانی مەکتەبی قورئانە، بەڵام ئەم یارمەتیانە، ئەو کەسانە ناگرێتەوە، کە لە دەرەوی مەکتەبی قورئان بێت. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لە پاش مردنی ئەحمەدی موفتی زادەو دابەشبوونی مەکتەبی قورئان بەسەر هەردوو باڵی (سەعدی قورەیشی و حەسەن ئەمینی)دا، باڵی سەر بە سەعدی قورەیشی هەستاون بە دامەزراندنی دەیان کۆمپانیای بازرگانیی. لەوانە کۆمپانیای ( عمران ئەمانیە )، کە لەچوارچێوەی ( چیمەنتۆ )ی ئامادەو بیناسازیی کار دەکات، هەروەها سەرەکیترین کۆمپانیای جوڵانەوەی مەکتەبی قورئانە، کە داهاتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ باڵی قوڕەیشی. سەرەنجام سەرەکیترین هۆکاری مەکتەبی قورئان لە هەوڵدانەکانی لە بواری ئابووریدا، بەهێزکردنی بنیاتی ئابووریی‌و سەربەخۆیی مەکتەب قورئانە. لەرووی جلوبەرگی ئەندامانی مەکتەبی قورئان ئەبێ ئەو جۆرە بێت کە مەکتەبی قورئان دیاری ئەکات. ژنانی مەکتەبیی ئەبێ چارشێوێکی ڕەساسی لەسەر کەن و لەچکێکی زەرد کە نوکی لە چکەکەی ئەبێ ڕوو بە پێشەوەبێت و لەژێر چەناگەیەوە بەسترابێت. مەکتەبییەکان لە جلی کوردی ژناندا پشتوێنیان لابردوە. لە زۆربەی ماڵی مەکتەبیەکاندا هەوڵ دەدرێت رەنگی پەردە و قەنەفە و ئەو قوماشانەی بەکاردێت، وەک چارشێوەکانیان رەساسی بێت و گوڵی وردو درشتی قاوەیی تیابێت. لە هەمو ئەو ماڵانەی مە کتەبییەکان تێیدا دەژین وێنەی ئەحمەدی موفتی زادە هەڵدەواسرێت، هەروەها لە چوارچێوەی وێنەکەدا لای خوارەوەی وێنەی خۆیان و بنەماڵەکەیان دادەنێن بە مانای گوێڕایەڵ بوونیان بە گوتەکانی موفتی زادە. لەلایەکی ترەوە، سەبارەت بە سەروسەکوتی مەکتەبییەکان، بەو پێیەی ئەحمەدی موفتی زادە سمێڵی ئەهێشتەوە و ڕیشی ئەتاشی و قژی لادەدا، مەکتەبییەکان بەو مۆدێلە سەرو ڕیش دەهێڵنەوە. جۆری راوەستان، دانیشتن، قسەکردن، پێکەنین، جلوبەرگ ، سەیرکردن ، جوڵاندنی دەستەکانی ئەندامانی مە کتەبی کۆپی هەمان

شێوەی ئەحمەدی موفتی زادە و سەعدی قوڕەیشییە. هەروەها مەکتەبییەکان شیعرەکانی ئەحمەدی موفتی زادە بە دەنگێکی پڕلە غەم دەخوێننەوە و کردویانە بە کاسێت و لە ناو ئەندامانیاندا بڵاوی دەکەنەوە. ئەندامانی مەکتەب بە کۆمەڵ دائەنیشن و گوێ لەم شیعرانە ئەگرن و ماتەم دەگرن و دەگرین. هەروەها هەندێک شیعر بە باڵای ئەحمەدی موفتی زادەدا گوتراوە، کە مەکتەبییەکان بە گوێ گرتن لەم شیعرانە دەگرینو دەکوڵن(27).

**پاشەکی**

لەپاش کەوتنی دەسەڵاتی شاهەنشاهیو سەرهەڵدانی ئێرانی ئیسلامیی لەساڵی 1979، لەروانگەی مەزهەبییەوە کار بۆ سەپاندنی مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامیی کرا وەک مەزهەبی فەرمیی دەوڵەت، ئەمەش بەروونی لە ماددە دەستوورییەکانی ئەو وڵاتەدا جێکراوەتەوە، لە ماددەی (12)ی دەستوری ساڵی 1979دا هاتووە: «ئایینی فەرمیی لە ئێران برینییە لە ئیسلامو مەزهەبی جەعفەریی دوانزە ئیمامیی، ئەم پرەنسیپە چەسپاوەو هەتا هەتایە قابیلی گۆڕانکاریی نییە»، ئەم دەقە دەستوورییەش لێکەوتەی نەرێنیی لەسەر سوننەکان لە ئێراندا دروسنکردووە، کە هەست بە زۆربۆهێنانو پەراوێزخستنیان دەکەن، سەرباری ئەنگێپێهەڵچنینیان لە بواری فێرکردنی ئایینیو پیادەکردنیدا، هەروەها بەهۆی ئاروماركردنی هەندێک لە مزگەوتەکانیانو، رێگریکردن لە بنیاتنانی مزگەوتی نوێ لە شارە گەورەکانی وەک تارانو مەشهەدو ئەسفەهان هەست بە نائومێدییەکی گەورە دەکەن، چونکە ئێران مەزهەبی شیعەی کردۆتە مەزهەبی فەرمیی دەوڵەت، هەر ئەمەش وایکردووە ببێتە لانکەی پارێزگاریکردن لە شیعەگەرایی، سەرەنجام بەمشێوەیە کاریگەریی روونو ئاشکرای کردۆتە سەر ماددەکانی دەستووری ئێران کە مەزهەبیەتی ئایینی چەسپاندووە، ئەمەش دەنگدانەوەی لەسەر مافەکانی کەمینە ئایینیەکانی تری ئێران دروسنکردە، لەنێویشیاندا شوێنکەوتوانی مەزهەبەکانی تر بەتایبەت سوننەکان.

لەپێش سەرکەوتنی پاش شۆڕشی گەلانی ئێراندا بەساڵێک یەکەم ناوکی سیاسیی ئیسلامی بزاڤگەریی بەناوی (مەدرەسەی قورئان) لەمەریوان پێکهات، لەساڵی 1981 بەهۆی گۆڕانکارییەکانی پاش شۆڕشەوە ناوی (مەدرەسەی قورئان) گۆڕدرا بۆ (مەکتەب قورئان). رێبەری ئەم جووڵانەوەیەش ئەحمەدی موفتی زادە بوو، کە سەرەتا لەگەڵ دەسەڵاتە نوێکەی پاش شۆڕشدا پەیوەندیی هەبوو، کاری بۆ چەسپاندنی مافخوازییەکانی سوننەکانی ئێران بەگشتیو کورد بەتایبەتی دەکرد، هەروەها لەچوارچێوەی هەوڵەکانیدا بۆ پەرەپێدانی مافخوازییەکانی سوننەکان لەگەڵ هەریەک لە مەولەوی عەبدولعەزیز زادەو ناسری سوبحانی یەکەم کۆنگرەیان بەناوی (شورای ناوەندیی سوننە) لەتاران رێکخستووە. پاش رۆڵگێرانی بەردەوامیو چالاکییە هەمەلایەنەکانی قۆڵبەستکرا، ئیدی بۆ ماوەی یازدە ساڵ لەکونجی زیندان خزێنراو، بەدرێژایی ئەو ماوەیەش دووچاری جەزرەبەدان بۆتەوە، لەپاش تێکچوونی باری تەندروستییو دەست لێشتنی لەدوای شەش مانگ لە ئازادبوونی لەزیندان لەتارانی پایتەخت کۆچی دوایی کرد.

بە وردبوونەوە لە نەخشەی دابەشبوونی پارتو رێکخراوە ئیسلامییە سیاسییەکان، روانگەی ئایینیی، سیاسیو کۆمەڵایەتیی هەر یەکێک لەوانە لەوی تر جیاوازە، ئەوانەی بنەوانی ئایدۆلۆژییان سەلەفیزمی جیهادیی پێڕەویی لە ئاڕاستەی توندوتیژیی دەکەن، هەندێکی تریشیان پێڕەویی لە گوتارێکی جیاواز لەو روانگە توندوتیژییە دەکەن، کە (مەکتەب قورئان) لەرۆژهەڵاتی کوردستان یەکێکە لەو بزووتنەوانە. رێبەری ئەو بزووتنەوەیە (ئەحمەدی موفتی زادە)، بەشێوەیەکی بنچینەیی لەسێ ئاڕاستەوە ئایدیاو روانگەی چارەسەری بۆ کێشەی سوننەکان بەگشتیو کورد بەتایبەتیی کردووە، یەکەم، هەڵگرتنی ستەمی نەتەوەیی، واتە یەکسانبوونی گشت نەتەوەکان، نەوەک سواروزاڵکردنی نەتەوەیەک بەسەر ئەوانی تردا. لابردنی ستەمی چینایەتیی، بەو واتایەی لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامییدا نابێت شتێک بەناوی چەوساندنەوەو پلیشانەوەی مافە چینایەتییەکان لەرێگەی جیاوازییە چینایەتییەکانەوە هەبێت. سێیەم، سڕینەوەی ستەمی مەزهەبیی، بەو واتایەی مەزهەبێک بکرێتە بنەماو ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتی سیاسیو بەزۆرداریی بسەپێنرێت، لەسایەی ئەو مەزهەبەشدا مەزهەبەکانی تر بچەوسێنرێنەوەو، گوێ بۆ مافخوازییەکانیان نەگیرێت، ئەمەش لەپاش سەپاندنی مەزهەبی جەعفەریی دوانزە ئیمامیی لەئێران.

* ئەم بابەتە لە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان وەرگیراوە

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

1. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کاک ئەحمەد دەریایەک لەخۆشەویستیی: عومەر عەبدولعەزیز، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا، سلێمانی، 2017. پێگەی (مکتب قران)، سوننەکانی ئێران، کۆمەڵێک نووسەر، وەرگێڕانی بەرزانی مەلا تەها، (بڵاونەکراوە).

(*) مەولەوی عەبدولعەزیز مەلا زادە: لە ویلایەتی بلوچستان لەساڵی 1916 لەدایکبووە، لە خانەوادەیەکی ناسراو بە ئاینداریی‌و زانست‌و بەدیمەن لەنێو دانیشتوانی نێوچەکەدا، بابی شێخ عەبدوڵڵای ربازی قازی بووەو، دەسەڵاتی هەبووە لە نێو خەڵکیداو گوێی لێگیراوە. نێوبراو گەشتی کردووە بۆ شاری کەراچی‌و پەیوەندیی کردووە بە یەکێک لە پەیمانگا ئاینییە رەسەنەکانی ئەوێ، لەپاڵ زانستە شەرعییە ئیسلامییەکاندا زانستەکانی تریشی خوێندووە، لە خوێندنی زانستیی بەردەوام بووە لە شاری دەلەی ەیندستان، زانستی لە مەزنە شێخانی سەر بەخانەی زانستەکان لە دیوبەند وەرگرتووە. پاشتر عەبدولعەزیز مەلا زادە گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی خۆی بلوچستان‌و، هەستاوە بە هەڵمەتێکی گەورەی سەرکەوتوو بۆ بنیاتنانی مزگەوت، دواجار 150 مزگەوتی لە شاری زاەیدان دروستکردووە، لەوانە ئەوەی ئێستا ناسراوە بە مزگەوتی مەککی. بۆ ماوەیەکی کورت مامۆستا بووە لە کۆلێژی حکومیی لە شاری زاەیدان، پاشتریش پەیمانگایەکی شەرعیی بنیاتناوە بە نێوی (قوتابخانەی عەزیزییە)، ئەو حوجرانە ئەو بڕە زۆرەی قوتابیانی نەدەگرت‌و، قوتابخانەکە گوازرایەوە بۆ شوێنێکی فراوانتر لە دەوروبەری شار، لەپاش راوێژکردن بە پیاوماقووڵانی نێوچەکە، قوتابخانەی (خانەی زانستەکان-زاەیدان) بنیاتنراوە. شێخ عەبدولعەزیز مەلازادە رۆڵێکی گرنگ‌و ئەرێنیی گێڕا لە پێش‌و پاش سەرکەوتنی شۆڕشدا. هەلومەرجی نێوچەکە لە ساڵەکانی کۆتایی‌و مانگەکانی پێش سەرکەوتنی شۆڕشدا دژواربوو، پیاوەکانی رژێم تا دەهات فشاری زیاتریان دەهێناو پتر کەوتبوونە جڵەوکردنی خەڵکیی، نەدەکرا بەتەنها کاربکات. شێخ عەبدولعەزیز، بەهۆی کۆمەکی بڕێک لە زانایانی نێوچەکە هەوڵیدا لەپێناو رێکخستنی هێزەکان‌و، بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕش بەوپەڕی توانایەوە.

2.سوننەکانی ئێران، کۆمەڵێک نووسەر، وەرگێڕانی بەرزانی مەلا تەها، (بڵاونەکراوە).

(*) ناسری سوبحانی: لە ساڵی 1951 لە گوندی (دوریسان)ی سەربە شاری (پاوە) لە کوردستانی ئێران لەدایکبووە. لەپاش تەواوکردنی خوێندنی ناوەندیی وەرچەرخاوە بۆ خوێندنی زانستە شەرعییەکان، لەسەر دەستی مەزنە زانایان لە ئێران ئیجازەی زانستیی بەدەستهێناوە. سوبحانی زۆر کاریگەر بووە بەهەریەک لە دامەزرێنەرانی ئیخوان ئەلموسلمین شێخ حەسەن ئەلبەننا و ئەبولعەلای مەودودیی. وەختێک شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران هەڵایسا چەند جارێک سەردانی رێبەرانی شۆڕشی کردووە، داواکارییەکانی گەلی کوردی پێگەیاندوون، دیسانەوە چۆتە نێو ئەنجومەنی شورای ئەهلی سوننە(خۆر). بەشداربووە لە چەندین چالاکی ئیسلامیی لەگەڵ مەلا ئەحمەدی موفتی زادە لەپێناو بەرفراوانکردنی پێگەی جووڵانەوەی ئیسلامیی لە کوردستان. سوبحانی لە پێشەنگەکانی رابوونی ئیسلامییە کە بانگەوازی ئیخوان ئەلموسلمینیان لە ئێران بڵاوکردەوە (کۆمەڵەی دەعوە و ئیسڵاح لە ئێران) بە کۆمەکی بڕێک لە بانگخوازانی کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران، چەندینجار گەشتی بۆ دەرەوەی ئێران کردووە، لەوانە گەشتکردنی بۆ تورکیا لە ساڵی 1988، بەشداریکردنی لە کۆنگرەی رێکخراوی ( رابیتەی ئیسلامیی کوردیی)، کە لە ئەستەنبوڵ رێکخرا. لە حوزەیرانی ساڵی 1989 لە شاری سنەی پایتەختی هەرێمی کوردستانی ئێران قۆڵبەستکراو بۆ ماوەی ساڵێک لە زینداندا بوو، لە ساڵی 1990 هەواڵی لەقەنارەدانی بڵاوبۆوە.

3.مقابلە احمد منصور مع یوسف ندا، موقع الجزیرە، http://www.aljazeera.net/programs/centurywitnes

4. احوال اهل السنە فی ایران: عبداللە محمد الغریب، ص100،97.

5. چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ (راشد الغنوشی).

6. خەبات بەرەو سەرکەوتن «دیدارێک لەگەڵ ئیبراهیمی عەلیزادە تایبەت بە مێژووی کۆمەڵەو کوردستانی ئێران‌و بزووتنەوەی چەپ»: بەهمەنی سەعیدی، بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە، رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، 2012، ل520.

7. مەکتەب قورئان و پرسی سیاسی لە کوردستان، وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە سەباح موفیدی، http://www.milletpress.com/Detail.

8. کوردستانی ئێران «لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەجووڵانەوەی رزگارییخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد 1939-1979): د. یاسین سەردەشتی، چاپی دووەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، 2011، ل611.

9. کاک فوئاد رێبەر و سیاسەتمەدار و زانایەکی سیاسی»: رەشاد مستەفا سوڵتانی، چاپخانەی رۆژهەڵات، 2006، ل188.

10. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم مەردۆخی، http://www.islahweb.org/ku/content/201

(*) شێخ عیزەدینی حوسێنی: ساڵی 1922 لەبانە لەدایکبووە، مەلا شێخ ساڵحی بابی یەکێک بووە لەمەلا بەدیمەنەکان، لەتەمەنی شەش ساڵییەوە لای بابی دەست بە خوێندن دەکات، سەرەتا بە خوێندنی قورئان، پاشانیش وردە کتێبەکانی تری سەرەتای خوێندنی ئایینیی. لەساڵی 1944 پەیوەندیی کردووە بە ریزەکانی ژێکافەوە، ناوی نهێنیی شێخ عیزەدین ( هەوێن) بووە،

لەساڵی 1949 لەگوندی (کانییە ڕەش) بۆتە مەلا. ناوبراو لەماوەی ساڵانی (1951-1953) ڕێچکەی سیاسی گرتۆتەبەرو، بە گەرمیی پشتیوانیی لە جووڵانەوەکەی دکتۆر محەمەد موسەدیق کردووە، لەکۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوودا بۆتە پێشنوێژو گوتاربێژی مزگەوتی (سوور) لەمەهاباد، تا ساڵی 1979 لەمزگەوتی ناوبراو درێژە بە خزمەت دەدات. شێخ عیزەدینی حوسێنی بە یەکێک لەرێبەرە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەقەڵەم دەدرێت، وەک مەلایەکی کورد بیروبۆچوونی ئایینیی و نەتەوەیی لەقۆناغە جیاوازەکاندا هەبووە، ڕۆڵی سیاسی ناوبراو پتر لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانەوە کەوتە بەرباس. شێخ عیزەدینی حوسێنی پتر لەگرووپە چەپەکانەوە نزیکبوو بەدیاریکراویش کۆمەڵە، پاشتر دەفتەرێکی سیاسی دروستکرد بەناوی دەفتەری شێخ عیزەدینی حوسێنیی، دەفتەرەکە لەساڵی 1979 لە نۆژەڵە دامەزرێنرا، ساڵی 2011 لەشاری ئۆپسالای سوید کۆچی دوایی کرد. بۆ وردەکاریی کەسایەتیی و ڕۆڵی شێخ عیزەدین بڕوانە: شێخ عیزەدینی حوسێنی (1979-1989) «لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە»: سنەوبەر سەردار ستار، نامەی ماجستێر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، بەشی مێژوو، 2015،ل13،9. زایەڵەی شێخێکی دیکەی ڕاپەڕیو «چەند لاپەڕەیەک لەژیانی سیاسیی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی»: ئامادەکردنو وەرگێرانی لەفارسییەوە حەکیم مەلا ساڵح، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2009، ل11-13.

(*) مەلا محەمەدی ڕەبیعی: یەکێکە لە مەزنە نووسەران لە کوردستانو پێشنوێژی مزگەوتی ئەهلی سوننە بوو لە کرماشان. عەللامە محەمەد ڕەبیعی کوڕی مەلا عەبدولحەکیم لە ساڵی 1351ک(1930ز) لە گوندی دەرە ئەسپ لە گوندەکانی دیواندەرە لەدایکبووە، لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لە دایکیەوە فێری قورئان بووە، زانستە سەرەتاییەکانی لە نەحوو سەرف لە لای بابیو مامی مەلا مەحمودی ڕەبیعی خوێندووە. پاش مردنی ئەوان زانستە شەرعییەکانی خوێندووەو بەردەوامبووە لەسەر دەستی مامۆستاکانی تر لە ئێرانو عێراق. لە دوانزە ساڵیدا فێری نووسین بووە، ڕووداوو بیرەوەریی ڕۆژانەی لە قاڵبی شیعرو پەخشاندا دەنووسییەوە. مامۆستا ڕەبیعی لەگەڵ مەزنە زانایانی کوردستان وەک عەللامە ئەحمەدی موفتی زادەو دکتۆر(مریدی)و دکتۆر بەقا سەید شوهەدایی، هەروەها لەگەڵ گەلی کوردی پەرۆش لە کرماشانو شارەکانی تری کوردستان بەشداریکرد لە شۆڕش دژبە ڕژێمەکەی شا، لە پاڵ ئەرکی لە ئێستگە بۆتە پێشنوێژو گوتاربێژ لە مزگەوت ئیمام شافیعی لە کرماشان. یەکەم کتێبی نێوناوە»ێینە اسلام» بە زمانی فارسیو، هەروەها کتێبی(الباقیات الصالحات)ی لە هەشت بەرگدا داناوە، لەگەڵ کتێبی « مالکیت در اسلام» ( سەرجەمیان بە زمانی فارسی). عەللامە ڕەبیعی لە شەستوسێ ساڵەی تەمەنیدا لە ساڵی 1996 بەشێوەیەکی نادیارو ئەوموژاویی کۆچی دوایی کرد، لەسەروەختێکدا تیرۆرکردنی سێمبولو بیریارانی سوننە زۆربوو.

11. کاک ئەحمەد دەریایەک لەخۆشەویستیی: عومەر عەبدولعەزیز، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا، سلێمانی، 2017، ل22-24.

12. بەڵگەنامە هەشت خاڵییەکەی ئەحمەدی موفتی زادە، پەیجی (چەپی کوردستان) https://www.facebook.com/506368719489910/photos/a.50641180 6/2818935.1073741828.506368719489910 type=3&theater?/089439825656

13. مەکتەب قورئان و پرسی سیاسی لە کوردستان، وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە سەباح موفیدی، سەرچاوەی پێشوو.

14. شێخ عیزەدینی حوسێنی (1979-1989) «لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە»: سنەوبەر سەردار ستار، نامەی ماجستێر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، بەشی مێژوو، 2015، ل100-101.

15. کاک ئەحمەد دەریایەک لەخۆشەویستیی: سەرچاوەی پێشوو، ل24.

16. کوردستانی ئێران: سەرچاوەی پێشوو، ل612.

17. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەدی موفتی زادە، http://rochne.blogfa.com/category/12

18. لەهەناوی ئیخوانەوە بۆ چەخماخەی چەک «کۆمەڵە دیدارێکە سەبارەت بە مێژووی ڕەوتی ئیسلامیی کوردستان»: ئامادەکردنی ئیدریس سیوەیلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، 2009، ل57-58.

19. احوال اهل السنه فی ایران: عبدالله محمد الغریب، ص34-38.

20. کاک ئەحمەد دەریایەک لەخۆشەویستیی: سەرچاوەی پێشوو، ل25.

21. خەبات بەرەو سەرکەوتن «دیدارێک لەگەڵ ئیبراهیمی عەلیزادە تایبەت بە مێژووی کۆمەڵەو کوردستانی ئێرانو بزووتنەوەی چەپ»: سەرچاوەی پێشوو، ل528.

22. رساله الشیخ احمد موفتی زاده للخمینی، www.ikhwanwiki.com/index.php?title

23. ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی «سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران»: بەهمەنی سەعیدی، چاپی یەکەم، 2010،ل402-403.

24. ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی «سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران»: بەهمەنی سەعیدی، چاپی یەکەم، 2010،ل402-403.

25. http://www.kurdistannet.org/2011/ index.php?option=com_content&vi -06-02-07-ew=article&id=3459:2011 -52-21-10-01-catid=110:2009&26-40 Itemid=174&05

26. http://rochne.blogfa.com/category/42